یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
دەزگای ڕاگەیاندن

# عێراق و
# مەسەلەی کورد

هەواڵنامەی کتێب

# عیراق و دراسی کورد

ئەگەر چی میژوی روژهەلاتی ناوەراست سەرگورشتەو داستانی چەندین ئیمپراتوریەت و پاشایەتیو خەلافەت و سەلتەنەتی وەکو هەخامەنشیو ئەخمینیو ساسانیو ئیسلامیو ئەمەوی و عەباسیو عوسمانیو صەفەوی و قاجاری ... مان بو ئەگیریتەوە، بەلام لەتاریخی کون و نوی دا هەرگیز میژووی دەولەتیکێ بەدی ناکری کەناوی دەولەتی عیراق بوبی .

راستە کەپایتەختی دەولەتی عەباسی لەشاری بەغدا بوە، بەلام دەولەتی عەباسی دەولەتیکی ئیسلامی پان و بەرین بوە هەر لەشمالی ئەفریقاوە تا سنوری هندستانی گرتوتەوە بەلام خەلافەتی عەباسی لەقەوارەو قالب و ناوی دەولەتی عیراق دا نەبوە بەلکو لەژیر ناوی خەلافەتی عەباسیو (امیر المؤنین)ی موسولمانانی دنیادا بوە .

عیراق بەم سنورەی ئیستای و بەم پیکهاتنە نەتەوەییو دینیو مەزهەبییەوە کەهەیە، دەولەتیکی تازەیە، قولاییەکی میژویی نیە چونکە عیراق نەوەکو دەولەت و نەوەکو مستعمرەیەکی یەکگرتو بەم سنورەی ئیستای و تەنانەت وەکو ولایەتیکی یەکگرتووش لەچوارچیوەی دەولەتی عوسمانیدا وجودی نەبو، بەلکو لەدوای روخانی سەلتەنەتی عوسمانیەوە، لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم، کەدەولەتە ئیمپریالیستە گەورەکانی دنیا لەبەینی خویان دا ریکێکەوتن لەسەر دابەش کردنیمیراتی (کابرا نەخوشەکە)ی عوسمانی، وە بەپیی تەرازوی هیزەکانی ئەو سەردەمەی دەولەتە گەورەکانی دنیاو روداوەکانی ئەوسا، بو تەئمین کردنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزموکونەپەرستی بی گوی دانە رەغبەت و ئارەزوی میللەتەکانی ناوچەکەو بی لیکدانەوەی هیچ اعتباریکی نەتەوەییو دینی ... تەنانەت بی گوی دانە هیچ آعتباریکی انسانی ناوچەکانی روژهەلاتی ناوەراستیان بەگویرەی قازانجەکانی خویان لەت و پەت کرد .

هەر ئەو زەمانەی ئەم ناوچەیەی تیدا لەت و پەت کرا، جولانەوەیەکی بەهیز لەسەرانسەری عەرەبستان دا گەشەی کردبو لەپیناوی یەکخستنی ولاتانی عەرەبیو بەدی هینانی سەربەخوییدا، تەنانەت شورشی عەرەبی کەشەریف حسین سەرکردایەتی ئەکرد ئینگلیز راستەوخو یارمەتی ئەدا، ئامانجی هەرە گەورەی سەربەخوییو یەکگرتنەوەی (مشرقی عربی) بو، هاوزەمان لەگەل ئەو جولانەوەیەدا جولانەوەیەکی نەتەوەیی پەرەسەندوش لە کوردستان دا هەبو کەئینگلیز دوژمنایەتی ئەکرد لەپیناوی بەدەسهینانی مافی ئازادی بریاردانی چارەنوسی خوی دا لەسەربەخوییو ئازادی و یەکگرتنەوەی نیشتمانی گەلی کوردا .

ئەمە حەقیقەتیکی میژوییە، بەلگە تاریخیەکانی ناو ئارشیفەکانی دەولەتە زلەکانی ئەو سەردەمەو روداوەکانی ئەو زەمانەو رەنجو خەباتو تیکوشانی گەلانی کوردو عەرەب لەو قوناغەدا شاهیدی بو ئەدەن .

هەروەکو تیکچونی هاوسەنگی تەرازوی هیزەکان لەبەینی دەولەتە سەرمایەدارە ئیمپریالیستەکانی دنیادا ، لەئەنجامی بەهیزبون و گەشەکردنی هەندیکیان و لاوازبونو گەشەنەکردنی هەندیکی تریان دا ، بو بەهوی ئەوەی سەر لەنوی بیر لەدابەشکردنەوەی دنیا بکەنەوە بەسەر خویان داو لەئەنجامی ئەمەش دا جەنگی جیهانی یەکەم هەلگیرسا ، هەروەها تیکچونی ئەو وەزعەی لەپیش جەنگی جیهانیی یەکەمدا هەبو وەگورانی بەباریکی تردا لەپاش کوتایی جەنگ ، بەجوریک کەئەلەمانیا شکاو ، سەلتەنەتی عوسمانی پارچە پارچە بوو ، شورشی ئوکتوبەر بنچینەی رژیمی قەیسەری لەروسیا هەلتەکاندو هەلومەرجیکی نوی لەسەر ئاستی دنیا هاتە کایەوە ، کەئینگلیزو فەرەنساو ئەمریکا وەکو ٣ دەولەتی زلی دنیا سەر لەنوی دنیایان بەو جورە دابەش کرد کەلەگەل قازانجە ئابوری و سیاسیو ستراتیجیەکانی خویان دا ئەگونجا ، بەتایبەتی لەمەسەلەی نەوتو بازارو گەمارودانی دەولەتی تازە دامەزراوی سوفیتی دا ، بویە لەسەر کەلاوەی دەولەتی عوسمانی لەروژهەلاتی ناوەراست دا چەندین ماندات (انتداب)و دەولەتوکەی بی سیادەو مستعمرەیان پیکهینا لەوانە عیراق و سوریەو لبنانو فەلەستین و ئوردون و عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی خەلیج و نەیان هیشت گەلانی ناوچەکە بەئامانجە نەتەوەییەکانی خویان بگەن بەلکو لەبەینی دەسەلاتو نفوذی ئینگلیزو فەرەنسەدا دابەشیان کردن لەوەشدا کورد وەکو یەکیک لە نەتەوەکانی ناوچەکە نەک هەر بەئامانجەکانی خوی نەگەیشت ، بەلکو نەتەوەو نیشتمانەکەیان بەوپەری بیویژدانیەوە دابەش کردو بەشیکی خرایە سەر دەولەتی ئیستای عیراق و مەسەلەی کورد بوو بەیەکیک لەمەسەلە گرنگو ئالوزەکانی .

عیراق دەولەتیکە لەو هەلومەرجەدا بەپیی ویستو ئارەزوی ئینگلیز پیکهاتو بەو جورەی کەئیمپریالیزمی ئینگلیزی سنوری بو دیاری کردوە بەو جورەی کەخوی شیوەی رژیمو حوکمرانی تیا داناو تەنانەت (فەیسەلی کوری شەریف حسین)ی ، کەخەلکی حجازو لەسوریا دەرکرابو ، هیناو بە (مەلیک)ی سەپاند بەسەر عیراق دا .

لەبەر ئەوەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لەدروستکردنی دەولەتی عیراق دا ئەوەندە بایەخی بەئیرادەو ویستی دانیشتوانی ناوچەکەو بەلیکدانەوەی اعتباراتی نەتەوەییو دینیو مەزهەبی نەداوە ، ئەوەندەی بایەخی داوە بەمسوگەرکردنی دەسکەوتو قازانجەکانی خوی لەمەسەلەی پەترولی و ئابوری و سیاسیو ستراتیجیدا ، بویە شتیکی سەیر نیە . ئەگەر ئیمەش وەکو بەر لەچەن سالیک نوسەریکی عیراقی وتویەتی بلیین ، عیراق

ئەشی پێی بوترێ : (مەتحەفی اجناس) چونکە :

لەنەتەوەدا – عەرەب و کوردو تورکمان و ئاسوری و ئەرمەنیو فارسی تیدابوە...

لەدین دا – موسلمان و مەسیحیو یەزیدی و جولەکەو سوبی تیدابوە...

لەمەزهەب دا – سوننی جوراو جورو شیعەی جوراو جورو کەنیسەی جوراو جوری تیدابوە...

ئینجا ولاتیکی ئاوها کە (مەتحەفی ئەجناس)ی نەتەوەی جوراو جورو دینی جیا جیاو مەزهەبی جیا جیا بیو... بەبی پرس و ئارەزوو رەزامەندی دانیشتوانی ناوچەکە خویان و، بەزور لەچوارچیوەی سنوری سیاسی یەکێ دەولەتدا کوکرابنەوە، بی ئەوەی یەکسانیو هاوتاییو هەبونی مافی وەکێ یەکیان بو مسوگەر کرابیو، لەناو ئەوانەشدا کەمایەتیەکێ بەزور خوی سەپاندبی بەسەر هەمویان دا... بیگومان لەباتی ئەوەی ئارام و ئاسایشو استقرارو گەشەکردن و پیشکەوتنی تیدا بەدی بی، هەمیشە هوی تیکچون و پیکاهەلپرژان و شەرو شوری تیدا ئەمینیو بەهیز ئەبی.

کاربەدەستانی عیراق هەر لەزەمانی هاشمیەکانەوە ئیدیعای ئەوەیان کردوە کەخەلکی عیراق بەشیکن لەنەتەوەی عەرەب و ئەرزی عیراقیش پارچەیەکە لەنیشتمانی عەرەب، لە کاتیکدا ئەمە واقیعی دیموگرافی دانیشتوانی ئیستای عیراق و لیکولینەوەی ئارکیولوجی شوینەوارە کونەکانی سەرزەمینی عیراق و میژووی روداوەکانی ناوچەکەو و سەرژمیری راست و دروستی دانیشتوان ئەو ئیدیعایە ئەکێ جاریکێ بەلکوهەزارجار بەدرو ئەخاتەوە، چونکە کورد لەعیراق دا سەرەرای سالەهای سالی هەولی تواندنەوەو دەربەدەرکردن و دەرکردنی لەخاکی باوباپیرانی خوی هیشتا بەلایەنی کەمەوە (سی – یەکی) دانیشتوانی پیکێ ئەهینی، وەلەروی زەمانیشەوە چەن هەزار سال بەر لەهاتنی عەرەب لەگەل مەوجاتی سامی لەجزیرەی عەرەبیەوە بەرەو عیراقی ئیستا گەلی کورد لەنیشتمانی ئیستای خوی دا نیشتەجی بوە، کەچی لەگەل هەمو ئەم راستیانەدا کاربەدەستانی عیراق لەکونەوە وا ئیدیعا ئەکەن کەهەمو عیراق بەشیکە لەنەتەوەو نیشتمانی عەرەب، لەکاتیکدا کەراستی ئەوەیە بەشیکی خەلکی عیراق بەشیکن لەنەتەوەی عەرەب و بەشیکی ولاتی عیراق بەشیکە لەعەرەبستان و بەشیکی خەلکی عیراق بەشیکن لەنەتەوەی کوردو بەشیکی ولاتی عیراق بەشیکە لەنیشتمانی نەتەوەی کوردو خەلکی عیراق و ولاتی عیراق پیکهاتون لە لەپیکەوەلکاندنی بەشیکی نیشتمانی کوردو بەشیکی نیشتمانی عەرەب.

جا ئەگەر مەسەلەی بەکارهینانی مافی ئازادی بریاردانی چارەنوس و یەکگرتنەوەی نەتەوەی عەرەب وەکو پرنسیپ (واتە مبدا) لەناو چوارچیوەی دەولەتی یەکگرتوی خوی دا مافیکی رەوای نەتەوەی عەرەب بی، ئەوا بیگومان مەسەلەی بەکارهینانی

مافی ئازادی بریاردانی چارەنوس و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردیش وەکو پرنسیپ و لەناو چوارچیوەی دەولەتی یەکگرتوی خوی دا مافیکی رەوای نەتەوەی کوردە .... هیچ کەس و تاقم و لایەنیکێ بوی نیە ئەو مافە بو هەندی نەتەوە حەلال و بو هەندیکی تر حەرام بکا .

ئەگەر بو عەرەب مافی ئازادی بریاردانی چارەنوس و یەکگرتنەوەی نەتەوەی عەرەب لەچوارچیوەی دەولەتیکدا حەلال بی، بیگومان ئەبی بو کوردیش وابی .

وەئەگەر بو عەرەب مافی حوکمرانی و بریاردانی ئیستا و پاشەروژی دەولەتی عیراق حەلال بی ئەبی بو کوردیش حەلال بی.

ئەگەر عەرەب لەعیراق دا ئەیەوی لەگەل کوردا بژی وئەگەر ئەیەوی دەولەتی عیراق بمینی ئەبی لەئیش و ئازارەکانی کورد لەئاوات و ئامانجەکانی، لەداوا و داخوازیەکانی بگا بەتایبەتی چونکە تا ئیستەش هەر ئەو نەتەوەی دەسەلاتدارو خاوەن دەسەلاتی سیاسیە لەعیراق دا .

شەریکایەتی کوردو عەرەب لەعیراق دا ئەگەرچی لەسەردەمی پاشایەتیدا لەدروشمی عیراق دا ئیشارەتی بو کرابو ، ولەدوایی ترا لەشورشی ای تەموزدا هەم لەدەستوری موقت دا شەریکایەتی کوردو عەرەب لەعیراق داو ، هەم لەدروشمی کوماری عیراق دا بەئاشکرا دەرخرابو ، وەلەبەندیکی دەسکاری کراوی ١٩٧٠ای دەستوری موقتی ئیستای عیراقیش دا ، لەوانە رون ترو ئاشکراتر دان نراوە بەوەدا کە : گەلی عیراق پیکدی لەدوو نەتەوەی سەرەکی کوردو عەرەب ... کەچی ئەمانە هەموی هەر نوسینی سەر کاغەز بون و هەرگیز لەکردەوەی روژانەی کاروباری دەولەتی عیراق دا رەنگیان نەداوەتەوە ، وەهەمو عیراقیەکی خاوەن ویژدان ئەزانی کەهەرگیز هاولاتیەکی کورد ئەوەندەی هاولاتیەکی عەرەب مافی هاولاتیتی عیراقی نەبوەو نەی توانیوە بەکاری بهینی ئەگەر لەپلە هەرە بەرزەکانی کاری دەولەتیش دا بوبی، بگرە زور جار هاولاتی کورد مافەکانی پی شیل کراوە ، بەچاوی سوکێ سەیری کراوە ، گومان لەدلسوزی کراوە ، هەمیشە ریگەی لی گیراوە شوینی ئاسایی خوی بگری تەنانەت ئەگەر خوی و شەرەفی خویشی بەکاربەدەستانی روژ فروشت بی .

گومانی تیدا نیە لەژیر سایەی هەلومەرجیکی ئاوەها نالەبارو نابەرامبەردا کورد لەسەر هەقی بەجواب دی و داوای مافەکانی خوی ئەکات و هەر کاتیکیش هیچ ریگەیەکی هیمنانەیان بو نەهیشتبیتەوە بەناچاری پەنای بردوتە بەر زەبروزەنگێ و شورشیش ، کەئەوەش مافیکی سروشتی و سەرەتایی هەمو نەتەوەو گەل و تاقم و دەستەیەکی زولم لیکراوە لە سەرتاسەری دنیادا ، هەر ئەم زولمەش بوە پالی بەگەلی کوردەوە ناوە راپەری و شورش بەرپا بکا . وهەر ئەمەش بوە پالی پیوە ناوە لەوەتی دەولەتی عیراق دامەزراوە لەحالی

روبەروبونەوەدابی لەگەل دەولەتی عیراق دا ، ئەوانەی ئەیانەوی مەسەلەکە بەجوریکی تر لیکئ بدەنەوە ، دیارە قازانجیان لەوەدایەو خویان دور ئەخەنەوە لەلیکدانەوەی عیلمی رودا وە سیاسی و کومەلایەتیەو ئابوریەکانی ... ژیانی میللەتی عیراق .

زنجیرەی دووەم

# زیهنی ستراتیجی عیراق و دوزی کورد

لەوەتەی دەولەتی عیراق دامەزراوە، گەلی کورد لە خەباتیکی بیپسانەوەدا بوە لەپیناوی سەلماندنی مافی نەتەوەیی و دیموکراتیەکانیدا، وەحکومەتی عیراقیش لە هەولدانیکی بیپسانەوەدا بوە بو سەرکوتکردنی جولانەوەی شورشگیرانەی گەلی کورد.

گەلی کورد ئەگەرچی جاروبار بو چەن مانگیک یاخود بو چەن سالیک لەئەنجامی شکستیکی عەسکەری یا لەئەنجامی شکستیکی سیاسیدا جولانەوە شورشگیرانەکەی خاموش بوبی، بەلام هیچ کات کولی نەداوە لەخەبات و روبەروبونەوەی دەولەتی عیراق و دامودەزگاکانی، بەریگەی جورا و جورو شیوەی جیا جیا هەر لەپیشکەشکردنی عەرزوحال و مەزبەتەو یادداشت و نامەی کراوەی ناو روژنامەوە تا مانگرتن و خوپیشاندان و خەباتی زیرزەمینی و بەیان و بلاوکراوە، تا بەکارهینانی چەک و زەبروزەنگی شورشگیرانە.

کاربەدەستانی عیراق هیچ کات نەیان ویستوە لەهوی راستەقینەی هەلگیرسانی شورشی کوردو لەهوی نارەزایی و بیزاری و هەراسانی خەلکی کوردستان بگەن، هەرگیز نەیان ویستوە بەراست و دروستی گیروگرفتە سیاسی و کومەلایەتی و ئابوری و فەرهەنگیەکانی گەلی کورد بزانن و رەگوریشەی مەوزوعیی مەسەلەی کورد بدوزنەوەو چارەی عادیلانەی بکەن، بەلکو هەمیشە:

لەلایەکەوە ـ بوختان و درویان بو جولانەوەی رەوا و هەق خوازی کورد هەلبەستوە، بەگویرەی زەمان و زروف هەر کالایەک لەبرەودا بوبی، جاریک بەفیتی سوفیتی و جاریک بەفیتی ئیمپریالیزم و کەرەتیک بەدەسیسەی سەهیونیزم و کەرەتیکی تر بەفیتی ئیران و تاویک بەهی سوریا و زورجاریش بەکونەپەرستی و دواکەوتویی و پیلانگیریان لەقەلەم داوە.

لەلایەکی تریشەوە ـ بەوپەری درندایەتیەوە هەمیشە بەهیزی چەکدارو هەمو شیوەکانی تری توقاندن و کوشتن و ویرانکاری بەربونەتە ویزەی گەلی کوردو خاکی کوردستان بو سەرکوتکردنی جولانەوەکەی و بکرە هەندی جار بو لەناوبردنی گەلی کورد.

شورشی حوزەیرانی ١٩٧٦ نواندنەوەی مەوزوعیی ویست و ئیرادەی میللەتی کورد بوو بو بەرپەرچدانەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی. بەتایبەتی دژی تەهجیرو تەرحیل و تەعریب و تەبعیس، جولانەوەیەک بوو لەناو هەناوی پر لەناسورو داخو ئیشو ئازاری گەلی کوردەوە هەلقولا بو دیفاع لەوجودی قومی کوردو نیشتمانەکەی.

جا هەروەکو شورشی حوزەیران دەسکردی کەس و تاقم و عەشیرەت یا خود دەسیسەی بیگانەو دوژمنانی عیراق نەبو، بەلکو ئەنجامی ئەو زولم و زورە بو کەکاربەدەستانی عیراق لەگەلی کوردیان ئەکرد، هەروەها شورشی ئەیلولیش دەربرینی مەوزوعیی ویست و ئیرادەی گەلی کورد بو دژی چەوسانەوەو زورلیکران و لەپیناوی بەدیهینانی مافە انسانیو دیموکراتیو نەتەوەییو نیشتمانیەکانی گەلی کوردا نەک دەسکردی کەس و حیزب و عەشیرەت یا فیتی ئیمپریالیزم .

هەر لەبەر ئەوە بو دوای ئاشبەتالی ٧٥ سالیکی نەخایاند خەبات دەستی پیکردەوە، شورشی حوزەیرانی ٧٦ دریژەکیشانی شورشی ئەیلولی (١٩٦١)ە و شورشی ئەیلولیش دریژەکیشانی نەبەردەکانی بەردەرکی سەرای سلیمانیو ئاوباریکە وشورشەکانی تری گەلی کوردە .

هەلسەنگاندنیکی مەوزوعیی شورش و راپەرینەکانی گەلی کورد لەعیراق دا، لیکولینەوەی رەگوریشەی میژوی سیاسی، ئابوری، کومەلایەتی، فەرهەنگی... بو هەمو پیاویکی زیرو بەویژدانی دەرئەخات چ جای ئەوانەی بەسەنگ و تەرازوی عیلم روداوەکانی ژیانی میللەتان هەلئەسەنگینن کە مەسەلەی کورد لەعیراق دا دەسکردی بیگانەو ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و شەرق و غەرب و ئەم دەولەت و فلان حیزب و عەشیرەت نیە بەلکو گیروگرفتیکی مەوزوعییە سەرچاوەکەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردو بیبەش کردنیەتی لەمافە ئاساییەکانی خوی لەسەرو هەمویانەوە مافی ئازادی بریاردانی چارەنوسی خوی وەکو هەمو گەلانی سەرزەمین، وە تا ئەو دەمەی زولم و چەوسانەوەشی لەسەر بمینی گیروگرفتەکە ئەمینیو خەبات و راپەرین و شورش و زەبروزەنگ و بەرەنگاریش هەر ئەمینی .

هەلبەتە هەروەکو دەولەتی عیراق هەمو جار دەس بو ئەم دەولەت یا ئەو رائەکیشی کەیارمەتی بدا لەچارەسەرکردنی کیشەیەکی خوی دا بەتایبەتی لەکوژاندنەوەی کیشەی کوردا، کوردیش هەمان هەولی داوەو دەستی بو ئەم دەولەت یا ئەو دەولەت راکیشاوە کەیارمەتی بدا، هیچ نەبی بو ئەوەی لەنار نەچی .

بیگومان ئەم دەولەت یا ئەو دەولەت هەولی داوە بو مسوکەرکردنی قازانجی تایبەتی خوی دەس وەربداتە کاروباری ناوخوی عیراقەوەو جیگە پیی نفوزی خوی قایم بکا، هەروەها هەولیشیان داوە دەس وەربدەنە مەسەلەی کوردو بەکاری بهینن بو قازانجی خویان . بەلام نەهەولدانی سەرکردایەتی جولانەوەی کورد بو وەرگرتنی یارمەتیو بەدەسهینانی پشتیوانی لەم و لەو، ئیتر راست بوبی یا ناراست، چاک بوبی یا خراپ، تەئسیری کردوتە سەر عەدالەت و رەوایی ناوەروکی مەسەلەی کورد، وە نە هەولی بیگانەش بو دەس وەردان لەمەسەلەی کورد ماهیەتی عادلانەی جولانەوەی کوردی گوریوە .

جولانەوەی کورد ، بزوتنەوەیەکی میژوکردی مەوزوعییە تەعبیر لەئیرادەو ئاواتەکانی گەلی کورد ئەکا لەپیناوی بەدەسهینانی مافەکانیدا ، لەپیناوی پیشکەوتنی کومەلایەتیو گەشەکردنیو گەیشتنیدا بەکاروانی پیشکەوتنی گەلانی دنیا ،بویە نە لەری دەرچونی جاروباری سەرکردایەتیەکەی نەریبازی راستو دروستی میژویی خوی ، نەدەستیوەردانی ناڕەوای بیگانەو ، نەهەولی درندانەی کاربەدەستانی حکومەت بو تیکشکاندنی ... هیچی سەری نەگرتوەو لەسەر تاویری ئیرادەی خەلکی کوردستان وردو خاش بوە .

کاربەدەستانی عیراق ، هەر لەسەردەمی دەسەلاتی بنەمالەی هاشمیەوە هەتا ئیستا مەسەلەی کوردیان بەناهەقو ناڕەوا بەیەکیک لەگرنگترینی ئەو خەتەرانە لەقەلەم داوە کە هەڕەشە لەعیراق و پاشەروژی دەولەتی عیراق ، بەلکو هەڕەشە لەنەتەوەو نیشتمانی عەرەب ئەکا ، لەکاتیکا کەئەمە بوچونیکی چەوت بەلکو شوفینیو رەگەزپەرستانەیەو دوورە لەراستییەوە .

لەروانگەی بەرهەلستی " خەتەری " مەسەلەی کوردەوە ، هەر لەدامەزرانی دەولەتی عیراقەوە . کاربەدەستانی عیراق ئەوەندە پارەو پولەی لەسەرکوتکردنی جولانەوەی کوردو ویران کردنی کوردستاندا خەرجیان کردوە ، ئەوەندە رەنجو ماندو بونەی لەکوژاندنەوەی کلپەی شورش و راپەرینەکانی کوردا بەفیرویان داوە ، ئەوەندە خوینەی لەرولەکانی کوردوعەرەبیان بەرشتن داوە ... ئەگەر چەن یەکی ئەوەیان لەپروژەکانی ئاواکردنەوەی کوردستان و گەشەپیدان و پیش خستنیدا ، لە بەگەرخستنی هیزی بەشەری کوردو کەلک وەرگرتن لەسەروەتو سامانی خوراوو سروشتی کوردستاندا سەرف بکرایە ئیستا هەم عیراق و هەم کوردستان لەبارو زروفیکی ترو هەم گەلی عیراقو هەم گەلی کورد لەقوناغیکی تری ژیاندا ئەبون .

بەلام کینەو بوغزی نەتەوەیی کاربەدەستان و دانانی مەسەلەی کورد بەخەتەر بو سەر خویان و نەتەوەو نیشتمانی عەرەب ، وای لیکردون هەمیشە لەهەولدانی بەردەوامدا بن بو تواندنەوەی گەلی کوردو شیواندنی فەرهەنگ و میژوو نەریت و دابو دەستوری کوردی و داگیرکردنی ئەرزەکەی و هەل لوشینی چاوچنوکانەی سەروەتو سامانی کوردستان و بەری رەنجی خەلکەکەی . ئەمەش دەلاقەیەکی گەورەی لەبەینی دەولەتیعیراقو گەلی کوردا دروست کردوە .

دەولەتی عیراق لەوەتی دامەزراوە تا ئیستا بەچاوی غەریبو گومان لیکراوو پیلان گیرو یاخیو بیگانە سەیری هاوولاتی کورد ئەکا لەکاتیکا هەزاران سالە لەسەر ئەرزی باوباپیرانی خوی و لەناو نیشتمانی نەتەوەیی خوی دا دانیشتوەو ئەژی ، لەبەجیهینانی ئەرکی نیشتمانیدا هیچی لەعەرەبی عیراقی کەمتر نەبوە ..

بویە کوردیش هەمیشە بەچاوی دەولەتیکی بیگانەی چەوسینەرو زوردارو داگیرکەر سەیری حکومەتەکانی عیراقی

کردوە کەماف و خاک و ئازادی لی زەوت کردوەو حکومەتی عیراق و دامودەزگاکانی نەک هەر بەهی خوی نەزانیوە بەلکو بەدام و دەزگای سەرکوتکەرو خوینمژو بیگانە لەقەلەم داوە .

ئەم دوو نورینە جیاوازە :

نورینی کاربەدەستانی عیراق بو کورد وەکو خەتەریک بو سەر عیراق و نەتەوەو نیشتمانی عەرەب .

لەبەرامبەر ئەمەدا نورینی کورد بو کاربەدەستان لەعیراق دا وەکو خەتەریکی کوشندە بو سەر مان و بونی گەلی کوردو خاکی کوردستان تا دی قول ئەبی .

کاربەدەستانی عیراق لەباتی ئەوەی مافە رەواکانی گەلی کورد بسەلمینن و لەریگەی دان نان و جیبەجیکردنی ماف و داوا هەق و رەواکانی کوردەوە هەولی یەکیتی گەلی عیراق و پاریزگاری یەکیتی قەلەمرەوەکەی بدەن و یەکیتییەکی ئارەزومەندانە لەبەینی گەلی کوردو گەلی عەرەب دا پیک بهینن و بەو ریگەیە (ئەمنی ستراتیجی) عیراق بپاریزن و دوری بخەنەوە لەمەترسی هەلوەشان و لەیەک ترازان و پارچە بون و ری بسری بکەن لەهیزەکانی بیگانە کەدرزو کەلین لەناو عیراق دا بدوزنەوە ، کەوتونەتە ویزەی گەلی کورد بو دەرکردنی لە نیشتمانی نەتەوەیی خوی و بلاوە پیکردن و لەناوبردنی، لە ئەنجامی ئەمەش دا گەلی کورد بەناچاری پەنای بردوتە بەر چەک و شاخ بو ئەوەی وجودی قومی خوی بپاریزی لەتوانەوەو لەناوچون .

شتیکی ئاساییە ، بگرە پیویست و ناچاری یە ، کە هەمو دەولەتیک چوارچیوەی (امنی ستراتیجی) خوی یاخود (ستراتیجی ئەمنی) خوی دابریژی بو ئەوەی بتوانی خوی لەهیرشی راستەوخو و ناراستەوخوی هیزو دەولەتانی ترو لەکنەکردن و نفوزی بیگانەو پیلانگیری یان بپاریزی ، یەکیتی خاک و گەلەکەی و سەربەخویی ولاتەکەی جیگیر بکا ، هەر لەبەر ئەوەشە هیچ دەولەتیک لەدنیادا نیە کەبایەخ بەمەسەلەی امنی ستراتیجی خوی نەداو فاکتەرەکانی هەلنەسەنگینی و شوینی پاراستن و بەهیزکردنی دانەنی، ئیتر سروشتی چینایەتی دەولەتەکەو جوری ریژیمەکەی هەر چونیک بی، کونەپەرست بی یا پیشکەوتنخواز، دیکتاتوری بی یا دیموکراتی، سوسیالیستی بی یاسەرمایەداری ، هەلبەتە هەر کام لەم دەولەتانە بەگویرەی سروشتی چینایەتی خوی و فەلسەفەی تایبەتی حوکمرانی خوی نەخشەی (ئەمنی ستراتیجی) خوی دائەنی .

ئەمنی ستراتیجی هەر لەیەک فاکتەر پیک نایەت ، بەلکو لەچەندین فاکتەر پیکدی کەرەنگە گرنگترینیان مەسەلەی یەکیتی ریزەکانی خەلکی ناو سنوری دەولەتەکە بی، بەجوریکی ئەوتو کەناکوکی نەتەوەیی و ناکوکی دینی و ناکوکی مەزەبی و ناکوکی چینایەتی ناو دانیشتوانی دەولەتەکە بەشیوەیەکی وا چارەسەر بکا کەپاشەروژی دەولەتەکەو یەکیتی خەلک و قەلەمرەوەکەی نەخاتە خەتەرەوە ، وە ناکوکیەکان وا لی نەکرین

کەببیتە مایە هەلگیرسانی شەری ناوخو و تیکچونی یەکیتی گەل و ولات و هیزو دەولەتانی بیگانەش بتوانن دەستی تی وەربدەن و کەلکی لی وەربگرن .

هەروەکو لەوتاریکی پیشترا وترا عیراق (مەتحەفی اجناس)ە. واتە ولاتیکی فرە ـ نەتەوە، فرە ـ چین ، فرە ـ دین ، فرە ـ مەزەبە بەو پێیەش هەلبەتە گیروگرفت و کیشەو ناکوکی جورا و جوری تیدا ئەبی، بەتایبەتی چونکە عیراق لەهەلومەرجی دوای شەری جیهانی یەکەم بەپێی قازانجەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی دامەزراوە نەکع بەپێی ویست و ئیرادەی عەرەب و کوردو دانیشتوانی تری ئیستای عیراق ، لەدامەزران و پیکع هینانیدا نەخوی وەکو دەولەتیکی کون نەریت و تقالیدیکی شارستانی کون و دیرینەی هەبوە، وە نەسەرەتاو پرنسیپەکانی دامەزراندنی پەیوەندی ئارەزومەندانەو دیموکراتیو نوی ی ئەم سەردەمەیان تیدا رەچاو کراوە. لەبەرئەوەگیروگرفتەکان هەمویان بەچارە نەکراوی ماونەوەو تووی تەقینەوە لە هەناویاندا هەیە .

چارەنوسی دەولەتیکی لەو بابەتە لەدوو حال بەدەر نیە:
یەکەمیان ـ پیکەوە ژیانی ئارەزومەندانەی هەمو ئەو نەتەوەو دین و مەزەبە جیاوازانەی لەسنوری یەکع دەولەتدا کوبونەتەوە لەسەر بنچینەی سەلماندنی مافی یەکتری و ریزگرتنی یەکتری و یەکسانیو بەشداربون لەبەریوەبردنی ولات و پاشەروژو چارەنوسیدا هەریەکەیان بەگویرەی قورسایی خوی و جیاوازی نەتەوەییو رەگەزی و دینی مەزەبی نەبیتە پیوانەی دلسوزی و دەسەلاتداری لەولاتدا . گەل و دین و مەزەبی سەردەستەو ژیر دەستە نەبی، ئەوسا گەلیکی گونجاو تەباو یەککرتو پیکع دی کەناحەزانی ئەو دەولەتە بەهیچ جوریکع لەریگەی بەکارهینانی گیروگرفتەکانی ناوەوە ناتوانن زەفەری پی بەن بەمەش بنچینەیەکی گرنگی امنی ستراتیجی دائەمەزری .

لەناو دەولەتیکی وادا جیگەی خو بەزل زانینیو نەتەوایەتی و شوفینیتیو رەگەزبازی و تایفەگەری و جیاوازی دینیومەزەبی نابیتەوە. بویە هیچ کام لەو نەتەوەو دین و مەزەبانەش هەست بەچەوسانەوە ناکەن و پیکەوە هەولی بنیاتنانی ولاتیکی ئاوەدان و گەشەکردو و پیشکەوتو ئەدەن .

دووەمیان ـ نەتەوەیەکع ئەبیتە حوکمران و دەسەلاتدا روئەوانی تر ئەبنە ژیردەستەو هاوولاتی پلەی دووەمو سێیەمو خوارەوتر. . ئەوسا بو پاریزگاری دەسەلاتەکەی خوی امنی ستراتیجی لەسەر بنچینەی خو بەزل زانینی نەتەوایەتیو جیاوازی رەگەزایەتیو دینیو مەزەبی دائەمەزرینیو بەریگەی زەبروزەنگع و کوشتن و لەناوبردن و راگویزان و تواندنەوە هەول ئەدا حوکمەکەی خوی بپاریزی و سەر بەنەتەوەو دین و مەزەبەکانی تر دابنەوینی ، هەلبەتە لەژیر سایەی حوکمیکی وەهادا ناکوکیەکان ئەتەقنەوە. ئەر هەلئەگیرسی،شورش و بەرەنگاری دەس پی ئەکاو هەست بەچەوسانەوەو زولمو زورلیکران قول ئەبنەوە لەناخی

دەرونی کومەلانی خەلکا و گیانی جیابونەوە خوازی و خودابرین بەهیز ئەبیو مەسەلەی امنی ستراتیجیش نەکێ هەر دابیسن نابی بەلکو پاشەروزی دەولەتەکە ئەکەویتە ژیر هەرەشەی روخان و هەلوەشان و پارچە پارچە بونەوە .

لەوەتی دەولەتی عیراق دامەزراوە ، نەتەوە پەرستەکانی عەرەب لایان وایە کەئەرزی عیراق بەشیمال و جنوب و شرق و غرب و وسطەوە ملکی عەرەبەو بەشیکە لەنیشتمانی عرب و هەمو ئەوانەی غەیری عەرەبن ، لەوانە گەلی کوردیش کە لەسنوری دەولەتی عیراق دا دانیشتون میوانی نەتەوەی عەرەبن و لەسەر ئەرزی عەرەب ئەژین ، بویە ئەرکی پاراستنی عیراقیش هەر لەئەستوی عەرەبدایەو مەسەلەی تەئمین کردنی امنی ستراتیجیش هەر ئەبی خویان دای بنین و لەسەر بنچینەی ئەوەش دای بنین کەعەرەب (لەم سالانەی دواییدا عەرەبی سوننی بەعسی) لەهەمو شوینیکا و لەهەمو دامو دەزگایەکدا دەسەلاتداری تەواو و بی شەریکێ بی . لەم روانگە تەسکێ بینەوە لایان وایە ، داواکردنی مافی نەتەوایەتی بو گەلی کورد گیچەلە بەنەتەوەو نیشتمانی عەرەب و خزمەتی ئیمپریالیزمو سەهیونیزم ئەکا .

لایان وایە هەرچی باسی تورکمانی کرد نوکەری تورکیایەو خزمەتی بیری طورانی ئەکا .

لایان وایە هەرچی باسی جیاوازی مەزەبیو چەوساندنەوەی شیعەی کرد نوکەری ئیرانەو خزمەتی بیری تایفەگەری ئەکا ....

بویە ئەبی ئەمانە لاوازبکرین و هەول بدری بتوینەوەو زمان و فەرهەنگێ و میژویان بشیوینری و لەشوین و جیگای گرنگێ و دەولەمەندو ستراتیجیدا نەهیلرین و رابگویزریەن و لەدامو دەزگای گرنگی دەولەت و کارگەو دامەزراوی گرنگێدا ئیشیان نەدریتیو لەخویندەواری زانستگاو مەعهدەکاندا بی بەش بکرین .. هەر بەپیی منطقی چەوتی رەگەزپەرستانەی امنی ستراتیجی گوایە بو ئەوەی خەتەری کورد نەمینی لەسەر دەولەتی عیراق کە بەپیی قسەی ئەوان بەشیکە لەنیشتمانی عەرەب .

دەیان هەزار خیزانی کوردی فەیلیان لەعیراق دەرکردو سەروەت و سامانیان زەوت کردن .

دەیان هەزار خیزانی کوردی یان لەو ناوچانە دەرکرد کە تیکەلاون لەکوردو تورکومان و عەرەب و عەرەبیان هینایە جیگایان .

دەیان هەزار خیزانی کوردیان لەو ناوچانە دەرکرد کە پەترول یا مەعدەنی تریان تیدایە .

سەدان هەزار خیزانی کوردیان لەگوندەکانی سەر سنوری ئیران و تورکیاو سوریا دەرکردو ئەوەی بەدریژایی هەزاران سال لەباخو رەزو ئاوەدانی بنیاتیان نابو تیکیان دا ...

ئەمانە سەرەرای ئەوەی دامەزراوە گرنگەکانی پەترول و کارەباو کبریت و ئاسن لەروی کریکاری کوردا داخراوەو دەزگاو دائیرە گرنگەکانی دەولەت جیگەی کوردی تیا نابیتەوە .

ئەمنی ستراتیجی ئیستای عیراق کەلەسەر بنچینەی جیاوازی ڕەگەزایەتیو جیاوازی حیزبایەتیو جیاوازی مەزەبی دانــراوە، نەک هەر ناتوانی پاشەڕۆژی عیراق بپارێزی و ئەمنی عیراق مسوگەر بکات، بەڵکو زەمینەی هەڵوەشانی دەوڵەتی عیراق و لەت و پەت بونی قەلەمڕەوەکەی خوش ئەکات.



هەواڵنامەی کتێب

زنجیرەی سێ یەم

# ئەمنی ستراتیجی عیراق و دەربەدەری و تەرحیلی کورد

دەمێکە کاربەدەستانی حکومەتی عیراق کەوتونەتە (تەرحیل) واتە راگویزانی زورەملێی خەلکی کوردستان ، بەزور لەجیگەو شوینی باووباپیرانیان دەریان ئەکەن و بەم لاو ئەو لاو بەهەندەران دا پەرش و بلاو و ئاوارەیان ئەکەن .

سەردەمی دەیان هەزار کوردی فەیلی بەو بیانووە لەسەرانسەری عیراق دەرکران ، گوایا ریشەو ئەسل و فەسلیان عیراقی نیەو مەترسی لەسەر ئەمنی عیراق دروست ئەکەن .

دەمیکی تر جوتیارانی دەوروبەری کەرکوک و کریکاران وخەلکی ناو شاری کەرکوک و ناوچە نەوتاویەکانی تر راگویزران و دەرکران گوایا ئەبی حکومەت ئەمنی شاری کەرکوک و ناوچە نەوتاویەکانی بپاریزی .

پاشان کەوتنە راگویزانی هەمو دریژایی شریتی سنوری کوردنشین ، بەقولایی ۱۰ – ۲۰ کیلومتر بەبیانوی پاراستنی ئەمنی عیراق لەتەماع و دەست دریژی بیگانە .

سەرئەنجامی ئەو سیاسەتی راگویزانە زیاتر لەیەک ملیون مروفی کورد بەر ئەم هیرشی راگویزان و دەربەدەرکردنە کەوتون ، زیاتر لەیەک ملیون مروفی کورد ئاوارەو سەرلی شیواو بون ، وولاتیش لەخزمەت و بەهرەو رەنجو ماندوبونیان محروم بوە .

تا ئیستا پتر لە ۱۳۰ هەزار کوردی فەیلی لەبەغدا و شارەکانی کوردستان دەربەدەری ئیران و وولاتانی تر کراون .. لەوانە دەیان هەزاریان خویان و باوک و باپیریان عیراقین و بەشیکی زوریان جنسیەی عیراقیان هەیە ، دەیان هەزاریشیان مندال و ساوان یا گەنجو تازە هەلچون و لەقوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و کولیج و پەیمانگاکان ئەیانخویند .کەهەم خویان هەم باوکیان لەعیراق لەدایک بون . ئەمانە هەمو مال و سامان و خانوبەرەیان زەوت کرا تەنانەت لەهەندی جاردا مندالی ساواشیان بەجی ما و دەرفەتیان نەدرا خویان کوبکەنەوە.

لەسالی ۱۹٦۳دا ۲۱ گوندیان لەدبس راگویزا و زیاتر لە ۱۵۰۰ خیزانی جوتیاریان دەربەدەر کرد .

لەسالی ۱۹۷۲دا میری کەوتە پارمەتیدان و هاندانی چەند دەرەبەگیکی عەرەب بو ئەوەی لەدەوروبەری کەرکوک زەوی و زاری جوتیارو مولکدارانی کورد بکرن .. لەهەمان کاتدا کەوتە هاندانی دەرەبەگە کوردەکانی ئەو ناوچانە بو ئەوەی زەوی و زاریان بەو عەرەبانە بفروشن . لەئەنجامدا سەدان خیزانی کورد لەناوچەی داودەو کاکەیی دەربەدەرکران و عەرەب نشین کران لەوانە گوندی (حەشیشەو دلمی گەورە ، دلمی بچوک ، رەمماوا ، کومبز ، گرد رابیعە ، سیگانی ، کەرا کرە ، کەربمیە ،

سەی محمد، مەتشانە، تەل مەغار، ئەرغوون، و پەنجا علی و هەفت تەغار).

لەتەک ئەوەدا کەوتنە راگویزانی سەدان خیزانی کورد لەناوچەکانی شەنگارو شیخان و زمارو سمیل و تەلەعفەرو عین زالەو خانەقین و پاشان ناوچەکانیان تەعریب کردن.

هەروەها لەسالی ١٩٦٣ بەدواوە، کەوتنە روخاندنی هەزاران خانوی کورد لەناو شاری کەرکوک دا لەگەرەکی شوریجەو ئازادی و دەربەدەرکردنی خیزانەکانی، تەنانەت لەسالی١٩٧٧ دا کەکەوتنە راکیشانی جادەی ٦٠ مەتری و استملاک کردنی خانوی خیزانە کوردەکانی شوریجە ریگەیان نەدان لەشاری کەرکوک دا زەوی بکرنەوەو جاریکی تر خانوی تیدا بکەنەوە تادەربەدەری شارەکانی تریان کردن.

لەسالی ١٩٧٥ بەدواشەوە کەوتنە راگویزانی ناوچەکانی سنور، سنوری عیراق ـ سوریە، عیراق ـ تورکیا، عیراق ـ ئیران، و زیاتر لە ١٥٠٠ گوندیان راگویزا و زیاتر لە ٧٥٠ هەزار مروفی کوردیان لەزەوی باوباپیرانیان هەلکەندو خزانیانە ئوردوگا زورەملیەکانەوە

دیارە ئەم هەمو راگویزان و ئازاردانە، ئەم هەمو خو ماندو کردن و پارەو پول خەرج کردنەی میری ... ئەم هەمو هیزی کارو خیرو سامان لەکیس چونە هەروا بەخورایی نەکراوە.. یا لەبەر خاتری پیشخستنی کومەلی کوردەواری نەبوە.

بەلکو ئەوە هەموی بەگویرەی نەخشەو پیلان ئەنجام دراوە، مەبەستی سەرەکیش تیکدانی وەزعی دیموگرافی عیراق،وەدارشتنی ئەو وەزعەیە بەگویرەی بیروبوچونی کاربەدەستان کەبیگومان لەگیانیکی شوفینی‌یەوە هەلئەقولی.

راگویزانی زورەملیی کورد، لەپایتەخت و لەکەرکوک و ناوچە نەوتاویەکانی تریش، لەناوچەکانی سنور لەتەک ئالاوی تەعریب و تەبعیس‌دا هەموی لەسەر بناغەی یەک بیرکردنەوە دامەزراوە، کەحکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عیراق هەمویان لەسەری پیک هاتون ئەویش‌گوایا پاراستنی امنی ستراتیجی عیراقە، کەلەووتاریکی تری ئەم زنجیرە ووتارەدا بەدریژی باس‌کراوە.

ئنجا چونکە نەخشەی (ئەمنی ستراتیژی) حکومەتی عیراق لەسەر ئەساسیکی شوفینی دامەزراوە رووی کردوتە سی مەسەلە:

١ـ تیکدانی نیسبەتی کوردو عەرەب لەعیراق دا.

٢ـ دوورخستنەوەی خەتەری کورد لەسەر پاشەروژی عیراق.

٣ـ تیکدانی قولایی ستراتیژی جولانەوەی کورد.

دەرکردنی پتر لە ١٢٠ هەزار کوردی فەیلی، و هەلاتنی چەندین هەزار کوردی تر بو هەندەران لەترسی زەبروزەنگ بو کەم کردنەوەی نیسبەتی کوردە بەرامبەر نیسبەتی عەرەب لەعیراق دا. بو ئەوەی هەمیشە عەرەب نەتەوەی گەورە بی و هەرگیز نیسبەتی کورد لەهی عەرەب نزیک نەبیتەوەو ئەگەر.

لەسەر وەزعی سیاسی، فەرهەنگی عیراق ئەکا . ئەبی نیسبەتی کورد کەم بکەنەوە .

راگویزانی زیاتر لە ۷۵۰ هەزار کورد لەناوچەکانی سنورو دەیان هەزار خیزانی کورد لەکەرکوک و ناوچە نەوتاویەکان و عەرەب نشین کردنی ئەو ناوچانە لەبەرئەوەیە کەحکومەتی مەرکەزی لەعیراق دا بڕواو متمانەی بەکورد نیە، وا تەماشای کوردی کردوە کەگوایا خائن و نیشتمانفروش و دژی امن و سەربەخویی و پاشەروژی کار ئەکەن . پیاوی بیگانەن و هەمیشە دەست لەگەل دوژمنانی عیراق دا تیکەلاو ئەکەن لەناوچە سنورەکانەوە ئەبن بەبنکەو پرد بو هاتنی نفوزی بیگانە، ولە کەرکوک و ناوچە نەوتاویەکانیشدا مەترسی لەسەر دامەزراوە نەوتیەکان و ئابوری عیراق دروست ئەکەن .. بویە ئەبی حکومەت راپاگویزی و ناوچەکانی سنور بەچولی بهیلیتەوەو ناوچە نەوتاویەکانیش لەباتی کورد بەعەرەب بپاریزی .

لەراگویزانی ۱۰ تا ۲۰ کیلومەتر مەبەستیکی تریش هەیە، کەئەویش تیکدانی قولایی ستراتیژی جولانەوەی شورشگیرانەی خەلکی کوردستانە تا بوشاییەک لەبەینی کوردی عیراق و کوردی ئیران و تورکیاو سوریەدا دروست ببی و کوردی عیراق نەتوانن بو گەشەکردن و پیشەوە چونی جولانەوەکەیان قولاییەکی نەتەوەییان هەبی .. پەیوەندی لەدراناشنابی لەوانی پارچەکانی تری کوردستان دابری و هەستی ئینتمای بو نەتەوەی کورد لاواز بکا یانەیهیلی تا حکومەتی مەرکەزی عیراق بەئارەزوی خوی و بەو جورەی ئەیەوی لەعیراق دا کورد لەقالب بدا .

بیگومان لەباتی ئەوەی حکومەتی مەرکەزی بەچاوی گومان بەماشای کورد بکاو لەئەنجامدا ببی بەهاوولاتی درجە دوو یا بیژ لەهەمو مافیکی مروبیژ .نەتەوەیی بی بەری بکری ، لەباتی ئەوەی ئەو هەمو پارەو خەرجە لەراگویزان و دەربەدەرکردنی کوردا سەرف بکری .. لەباتی ئەوەی ناوچەکانی چول بکری یا بەعەرەب بکری .. لەباتی ئەوانە هەمو ئەگەر مافە رەواکانی خوی پی بدری ، رەبروزەنگ و چەوسانەوەی لەسەر لابری ، وەکو عەرەب یا بلیین عەرەبی بەعسی تەماشا بکری و هاوولاتی ئاسایی عیراق بی . ئەو هەمو پارەو خەرجەش لەئاوەدان کردنەوەی ناوچەکانیو گوزەران و ژیانیدا سەرف بکری لەسەر ئەرزی خوی و باوباپیرانی بمینیتەوەو چەکدار بکری . دیارە شورەیەکی پولایین دروست ئەکا بو پاریزگاری نیشتمانەکەی .. ئەوسا داگیرکەری عیراق مەگەر بەسەر لاشەکەیدا هەنگاو بنی ئەگینا بەدل و بەدگیان بەری پی ئەگری .

لەبری ئەوەی جوتیاری کورد لەناوچە نەوتاویەکاندا دەربکری ، و عەرەب کیش بکەن ، لەجیگەی نیشتەجی بکەن ، ئەگەر مافە رەواکانی گەلەکەی بسەلمینن ، وەئەگەر ئەو پارەو خەرجەی لەراگویزانیدا سەرفی ئەکەن لەگوزەران و خوش کردنی ژیانیدا سەرف بکەن ، چ پیویست بەراگوبزانی ئەکا ، چ پیویست

بەوە ئەکا بەچاوی گومان تەماشا بکری .. بێگومان ئەو کاتە هەر وەک ئەرزەکەی خوی پاریزگاری لەبیرە نەوتەکان ئەکا .

دیارە ریگەی سەلماندنی مافی کوردو بەیەکسان تەماشا کردنی ریگەیەکی ئاسان ترو مسوگەرترە ، ریگەی جیبەجیکردنی ئەمنی ستراتیژی پاراستنی یەکیتیو پاشەروژی عیراقە نەک ریگەی راگویزانی کوردو بەغەریب تەماشا کردنی... چونکە ریگەی راگویزان و ئازاردان و چەوسانەوەو تەعریب و تەبعیس کردنی ریگەیەکی سەختو پر لەهەلدیرە ریگەی لیک هەلوەشانەوەی عیراقە نەک پاراستنی یەکیتی عیراق و گەلی عیراق ، هەر بەم ریگەیەش ئەمنی ستراتیجی عیراق ئەکەویتە مەترسیەوە .

زنجیرەی چوارەم

# ئەمنی ستراتیجی عیراق و مەسەلەی تەبعیسی کورد

لەمیژەوە هەندی لەکاربەدەستانی حیزبی بەعس ، خەریکی هەول و تەقەلایەکی بەردەوامن بو ئەوەی ئەوەندەی بویان ئەکری ، بەهوی دەسەلاتی حوکمەوە کورد بکەن بەبەعسی و فەرهەنگی کوردی بشیوینن و تەبعیسی بکەن .

هەرچەندە سیاسەتی تەبعیس لەسالی ١٩٦٣ەوە سەری هەلداوە ، بەلام پەرەسەندنی بەو شیوە فراوان و توندو تیژە لەپاش ئاشبەتالەوە دەستی پی کردوە . لەو هەلومەرجەدا کە کومەلانی خەلکی کوردستان دوچاری نائومیدی بوبون ، بوماوەیەکێ بی خاوەن و بی پاریزەر مابونەوە ... دەستە دەستە فەرمانبەر و کریکارو ماموستاو خویندکارو کاسبکارو جوتیارو مختاری کورد بانگێ ئەکران ، هەرەشەی دەرکردن و نان برانیان لی ئەکرا ، یان پلەو پایەو پارەو شیش پی دانیان ئەخستنە بەردەم ، تەنها بو ئەوەی ببن بەبەعسی ئەوی لەم خو ماندو کردنەو زەبرو زەنگێ نواندنەشدا بویان کرا بەبەعسی بریتیە لەچەند سەد کوردیکێ کە لەکومەلی کوردەواریدا بەگەندو گوو پوخلەواتی حیزب و تاقمەکانی ترو کومەل ناسراون .

شان بەشانی ئەو کارانەی دەرهەق مروفی کورد ئەکرا ، دەستکرا بەدەسکاری کردنی بەرنامەکانی پەروەردەو خویندن ، رادیو و تەلەفزیون ، وگوفارو روژنامەکان ، بەشیوەیەکی ئەوتو کەفەرهەنگێ و میژووی کورد بشیوینیو فەرهەنگی بەعسی بئاخنیتە میشکی . هەروەها دەستکرا بەسەپاندنی مەشقی (طلائع )و (فتوە ) لەهەمو قوتابخانەکانی کوردستان دا تا بتوانری هەر لەمندالیەوە ، کورد بونی خویان لەبیربەرنەوەو فەرهەنگی بەعسی لەمیشکیان دا بچەسپینن ، ئەنجا بو ئەوەی ئەو تەگبیرە سەربگری دەستکرا بەبەعسی کردنی ماموستاکان و دەزگاکانی خویندن و پەروەردە .. بەو جورە ئەبو هەر خویندکاریکی کورد روی بکردایە خانەی ماموستایان ، بوئەوەی وەربگیری لەپیشدا ئیستمارەی بەبەعسی بون ئیمزا بکا ...

لەزور کارگەو دائیرەی دەولەتیشدا بو ئەوەی کورد کاریکی پی بدری ناچار ئەکرا ببی بەبەعسیو لەهەمو دائیرەکانیشدا بەعسیەکیان بەناوی (ضابط ئەمن)ەوە ئەکردە کویخایان ، جگە لەوەش کەبو ترفیعو قدم ئەبوایە بەر لەهەمو شتی ببی بە بەعسی .

بەلام ئایا ئەو هەمو هەول و خو ماندو کردنەی ئەو کاربەدەستانە بو تەبعیس کردنی کوردو فەرهەنگی کورد لە پیناوی چیدایە ؟ و تا ئیستا بەرهەمەکەی چی بوە ؟

حیزبی بەعس ، حیزبی عەرەبە ، ملیونەها عەرەبی عیراقی لەبەر دەستدایە ، رەنگە سەدان هەزار عەرەبیشی کردبی

بەبەعسی ... ئیتر بوچی دەس لەتەبعیس کردنی کورد هەلناگرن. کون بەکون بەشوینیدا ئەگەرین ، هەرچونی بی تەبعیسی بکەن ..

ئاخو لەبەرئەوەیە کەبەبی کورد هەلناکەن ... ئاخو ئەیانەوی خیرو خوشیو امتیازاتی عەرەبی بەعسی بو ئەمیش بهینن ، یا ئەیانەوی پەیامەکەیان بەکورد بگەیەنن بو ئەوەی لەژیر دەستیو چەوساندنەوەو پاشکەوتنی کومەلایەتی و فەرهەنگیو ئابوری رزگاری بکەن ؟

ئاخو لەبەرئەوەیە سود لەبەهرەو توانای کورە وەربگرن و حیزبی بەعسی پی بەهیزو بەتوانا بکەن و یەکسانی هاوولاتی عەرەبی عیراق و کوردی عیراق بسەلمینن ؟

یاخود تەبعیس یەکیکە لەسی چوکلەی (تەرحیل، و تەعریبو تەبعیس)و پەیوەندی بەنەخشەی (ئەمنی ستراتیجی) عیراقەوە هەیە، ئەو ئەمنی ستراتیجیە کە لەروانگەیەکی شوفینیەوە روی کردوتە کەم کردنەوە، و دەربەدەرکردن و تواندنەوەی کوردو سرینەوەی شوینەواری کوردستانیو نەتەوەیی ناوچەکانی .

بەلی چونکە کاربەدەستانی عیراق بروایان بەکورد نەبوە ، متمانەیان پیی نەبوە، بەچاوی خائن و نیشتمانفروش و پیاوی بیگانە سەیریان کردوە ... لەبەرئەوە ئەوەندەی بویان لوابی لەبری رازی کردنی خەلکی کوردو سەلماندنی مافە رەواکانی ، کەوتونەتە ویزەی کورد، گوایا بو ئەوەی خەتەری کورد لەسەر پاشەروژی عیراق دوربخەنەوە، خەریکی تەرحیل کردن ودەرکردنی کورد بون ، خەریکی تەبعیسو شیواندنی فەرهەنگنی بون ، ناوچەکانیو فەرهەنگەکەیان تەعریب کردوە .

تەبعیسی کورد کەیەکیکە بو لەسی چوکلەکە، بو ئەوە نەبوە نەتەوەی کورد بەلای میری دا رابکیشی، لەو ریگەیەوە برایەتی کوردو عەرەب بەهیز بکاو پاشەروژی عیراق ، یەکیتی گەل و ئەرزی عیراق مسوگەر بکاو لەپارچە پارچە بون بی پاریزی .

تەبعیسی کورد بو ئەوە نەبوە کەمیری هەول بدات دوستایەتی کورد بو خوی دابین بکاو لەفیتی بیگانەو تەفرە خواردن بیپاریزی ... یا وەکە ئەلین : دوژمنانی عیراق لەخشتەیان نەبەن و نەیانکەنەوە بەگز حوکمی عیراق دا .

نەخیر تەبعیسی کورد بو هیچ شتی لەوانە نیە، بەلکە بو بەگژا چونی جولانەوەی شورشگیرانەی خەلکی کوردستانە ، هەولدانە بو لاوازکردنی جولانەوەی کورد وکنە کردن لەکومەلی کوردەواری دا .

بو ئەوەیە لەلایەکەوە ئەوەندەی ئەکری ، کورد بەسەر خویەوە بکەن بەجاسوس و هەلس و کەوتی خەلک و تیکوشەرانی کومەلی کوردەواری بخەنە ژیر چاودیریەوەو هەر کاتی ویستیان راویان بکەن . لەلایەکی تریشەوە، هەول بدەن ئەوەندەی بویان ئەکری ، بەزور خەلکی کورد لەجولانەوەکەی داببرن ، ریسوایان بکەن و بیانشکینن بو ئەوەی وەکە مروفیش ئەوانە

سوکە بکەن ، و لەنەتەوەکەیان بھورینەوەو کەلکی خزمەتکردنی مەسەلەی میللەتەکەی خویان نەمینی ، و ئەگەر بکری بشیانکاتەوە بەگژ مەسەلە رەواکەی خەلکی کوردستان دا .

هەمیشە دەسەلاتدارانی عیراق ، هەریەکەیان لەروانگەی تایبەتی خویەوە هەولی ئەوەی داوە کورد لەعیراق دا بەو شیوەیە لەقالب بدا کە لەبەرژەوەندی خویەتی .. هەرلەزەمانی ئینگلیزەوە تا ئەمرو ئەو تەقەلایە بەردەوامەو دەستی لی هەلنەگیراوە، مەبەستی بنەرەتی هەمو ئەوانەش یەکە مەبەستە ئەویش ئەوەیە کەکورد لەعیراق دا داببرن لەنەتەوەی کورد، بەجوری هەست نەکا کەبەشیکە لەنەتەوەی کورد، بەلکە لەسەردەمی ئینگلیزدا هەول و تەقەلا روو لەوە بو کورد ناچار بی خوی بەبەشی لەبەریتانیای گەورە بزانی..وئیستاش بو ئەوەیە کەبەناچاری دابیری لەهەستی (انتماء) بو نەتەوەی کوردو ببی بەبەشی لەنەتەوەی عەرەب لەعەرەبیش دا ببی بە بەعسی تا بەئاسانیو ئاسایی هەمو عیراق بەبەشیکی خاکی عەرەب حساب بکری .

ئەگینا ئەگەر بروا و متمانەیان بەکورد هەیە، نەکە بە کوردی کوردپەروەر، تەنانەت ئەگەر بروایان بەکوردی بەعسی هەیە :

- لەناو خەلکی خانەقینی تەعریب و تەبعیس کراو راگویزراوا سەدان کوردی خوفروش و بەعسی هەیە بوچی ریگەیان نادەن ئەوانە بگەرینەوە ، تەنانەت ئەوانەی بون بە ئەمن و استخبارات و جیش شعبی و بەعسی.
- لەناو ئوردوگا زورەملیکاندا سەدان جاش و خوفروش و بەعسی هەیە بو متمانەیان پی ناکری و ریگەیان نادری بگەرینەوە گوندەکانی خویان .

حیزبی بەعس بەم جورە، بەو هەست و هەلویستی بروا نەبونەوە بەکورد، بەو سیاسەتەی بەبەعسی کردنەی کورد، قازانجی نەکردوە، نەیتوانیوە سود لەدوستایەتیوزەو توانای خەلکی کوردستان وەربگری بەلکە خوی ناخوشەویست و ناشیرین کردوە رق و نارەزایی خەلکی کوردستانی زیاتر کردوە لەبریتی نزیکە کردنەوەی کورد لەحیزبی بەعس ، بوتە هوی دورکەوتنەوەی کورد لەو حیزبە، بوتە هوی ئەوەی چون بەعسی بروای بەکورد نیە ئاوا کوردیش بروای بەو نەبی .

ئەگەر بیتو، ئەو هەمو خەرجو هەول و تەقەلایەی حیزبی بەعس روی لەپەیداکردنی دوستایەتی کورد بوایە، روی لەپەیدا کردنی متمانەی کورد بوایە بەحوکمەکەی ... ئەگرا کورد دوستیکی بەهیزو بەکەلکە بوایە.. ئەگەر لەبری بەبەعسی کردن و هەولی تواندنەوەی مافە رەواکانی دابین بکرایەو بەچاوی یەکسان لەگەل عەرەبی بەعسیدا تەماشا بکرایە، ئەوا ئەگرا کورد دوستیکی ئەمین و دلسوزی بوایە.. ئەو کاتە نەکە مەترسی لەکورد نەئەبو، نەکە پیویستی نەئەکرد بەزوربیکردایە

بەبەعسی بەلکە ئەیتوانی دلنیا پشتی لی بکاتەوەو بەشیکی دورو دریژی سنوری نیشتمان پاریزراو بی لەهەمو جورە پیلان و هیرش و پەلاماردانیکی دوژمنانی عیراق .



هەواڵنامەی کتێب

زنجیرەی پێنجەم

# ئایا مانەوەی وەزعی نائاسایی کوردستان لە قازانجی کێ یە

ئەوی ، لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستان دا ، بەووردی چاوێکە بەشوێنە جیا جیاکانی کوردستان و لایەنە جۆراو جۆرەکانی کۆمەلی کوردەواری دا بخشێنی رەنگە سەیری لێ بێ کەسەرەرای راوەستاندنی شەر لەکوردستان دا کەچی باری نائاسایی هەمو لایەنێکی ژیانی کوردا یەتی گرتوتەوە بەبێ ئەوەی خاوبونەوەی ئەو بارەو ئاسایی بونەوەی بکەوێتە بەرچاو .

هێشتا سەدان کوردی سیاسی کەلەسەر جولانەوەی کوردگیراون لەزیندانەکانی میری دان و چەندین کەسیشیان لەژوری سێدارە چاوەروانی ئەنجامێکی نادیار ئەکەن ، سەرەرای ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیتا پەیتا داوای ئازادکردنیان ئەکا .

هێشتا هەزاران کورد دەربەدەری دەرەوەی عیراقن ، زوربەیان بەپەروشەوە ئەیانەوی بگەرێنەوە نیشتمان و نان و کەس وکاری خویان ، بەلام نازانن چارەنوسیان چی لێ بەسەردێ .

سەدان فەرمانبەرو کرێکارو موچەخوری تریش کە بەهوی هەلومەرجی پێشوی کوردستان و بەهوی جولانەوەی شورشگێرانەی میللەتەکەمانەوە لەکارو ئیشی خویان دەرکراون ، چاوەروانی ئەوەن چارەسەری کیشەیان بکری و بگەرێنەوە سەر کارو پیشەی خویان و مال و مندالیان لەدەست باری سەختی گوزەران و ژیان رزگار بکەن .

سەدان خوێندکاری کورد کەگیراون ، لەخوێندن دەرکراون بەهوی سیاسی و لەسەر جولانەوەی شورشگێرانەی کورد بەتەمای ئەوەن قاپی کولیج و پەیمانگا و قوتابخانەکانیان بو بکرێتەوە و بگەرێنەوە خوێندنی خویان تەواوکەن ، کەچی تازە هی تریان لێ دەرئەکری و زانکو و پەیمانگاکان قاپی لەرویان دا ئەخەن .

خەلکی سەدان گوندی راگوێزراوی کوردستان کە بەزور رەوانەی شوێنی تر کراون یا پەرش و بلاوکراونەتەوە یا خزێنراونەتە ئوردوگا زورەملیەکانەوە ، هەر دەربەدەرن و لە زەوی و زارو کانی و کاریز و رەز و باخ و کوردستانی باو و باپیرانیان قەدەغە ئەکرین .

هێشتا هەزاران خێزانی عەشایەری عەرەب ، کە بەزور هێنراون بو تەعریبی کوردستان ، لەسەر خاکی زەوت کراوی جوتیاری راگوێزراوی کوردستان ماونەتەوە و نەگەراونەتەوە شوێنی ئەسلی خویان .

هێشتا چەندین هەزار هاوولاتی کوردی بارزانی بێ سەرو شوێن و چارەنوس بزر چاوەروانی سەرفرازبون ئەکەن و چەندین

هەزار خێزانی بارزانی بەجێ ماوو بێکەس و کارو لەهەمو خزمەتێ ئینسانی بێ بەش بەئومێدی گەڕانەوەی کوڕو بابو برایان شەوان ڕۆژ ئەکەنەوە . هەزار کوردی فەیلی لە وڵات دەرکراویش دەربەدەری وڵاتانن و ئەپرسن ئاخۆ کەی لەو مەینەتیە دەرباز ئەبن .

هێشتا ، سەرەرای ئەوەی کەدیمەنی کورەپان و شەقامی شارەکانیو ڕێگەوبانی نێوان شارو لادێی کوردستان، بەسەدان ئوتومبیل و تانکی زری پۆش و پڕ لە چەکدار، سەدان رەبیەی سەربازی سەر لوتکەی شاخو سەر گردو تەپولکەکان ، نەک وڵاتێکی پڕ شەڕو کێشە ئەهێنێتە بەرچاوی مروف ، بەڵکە ئەگەر بێگانەیەک چاوی پێ بکەوی وڵاتێکی داگیرکراوی دێتە بەر چاو .. ئەمانە هەمو جگە لەوەی کەدەیان مولگەی جاش دژی کۆمەلانی خەلک و جولانەوەکەیان پەرەیان پێ ئەدری و هەوڵ و کۆششی میری ڕوی کردوتە دامەزراندنی دەیانی تریش بەناوی (افواجی) سوکەوە ، ئەمانە هەمو لەتەک دەزگاکانی تردا بەبێ هیچ دو دڵیو لێکدانەوەیەک دەست رەرئەدەنە ژیانی هاوڵاتی کوردەوەو هیچ بەرگرتنێکی میریشی نیە بو پاراستنی ژیانی شەخسی هاووڵاتی .

ئەمانە هەمو جگە لەوەی کەهێشتا لەزور شوێن بەزورەملێ هاووڵاتی کورد ، فەرمانبەرو کرێکارو خوێندکارو ماموستاو هونەرمەندو ئەدیب ناچار ئەکەن کەببن بەبەعسی یا جەیشی شعبی وە لەهەمو بوارێکی دامەزراندن لەکارو مەرکەزی گرتنی دەولەت،دا لەترفیعو لەزەمالەولەخوێندن ولەنیشتەجێ بون دا جیاوازی زەق و رەق لەبەینی کوردو غەیری کوردا ئەکری تەنانەت،کورد لەشاری کەرکوکی کوردستان دا بوی نیە وەک هیچ هاووڵاتیەکی تری عیراق خانو دروست بکاو زەوی بو خوی بکری و بەسەربەستی تیا بژی

ئەم هەمو شتە نائاساییانە ، سەرەرای شەر راوەستاندن و بو پێشەوەچونی وتوویژ رەنگی بارودوخی کوردستانی رشتوە، و هەندی دەستەو تاقم چ لەریزی جولانەوەی کوردا و چ لەلای میری سورن لەسەر مانەوەی ئەم بارە نائاساییەی کوردستان ، بویە ئەپرسین مانەوەی وەزعی نائاسایی کوردستان لەقازانجی کێدایە ؟

بێگومان هەمو دڵسوزێکی ئەم گەل و نیشتمانە بەچاکی ئەزانی کە :

- گەڕانەوەی سەدان گوندی راگوێزراو ، گەڕانەوەی دەیان هەزار جوتیاری دەربەدەر بو ناوچەکانی خویان ، جگە لەوەی کە ئەبنە هێزێکی گەورەی بەرهەم هێنان لەشکرێکی گەورەو لەشکاندن نەهاتوی ئەوتو پێک ئەهێنی کەوەکو گیانی خوی لەدژی پەلاماردانی ئێران، دیفاع لەبەشێکی دوورو درێژی سنور بکاو ئەو کاتە میری ئەتوانی زوری ئەو هێزە سەربازیەی لەو شوێنانە سەنگەری بەستوە ، یا لەسەر قوتەی شاخ گردو تەپولکەکانی کوردستان رەبیەی لێ داوە ، بیبان

پاتبوجەبهەکانی جەنگ لەسەر سنوری ناوەراست و خوارووی عیراق بوتیکشکاندنی پەلاماردانی بیگانە .

- بەهەڵوەشاندنەوەی جاش و افواجی سوک و نەهیشتنی دەستدریژی بو سەر خەلکی کوردستان و ریگە گرتن لەدەست وەردانی ئەوانەو منظمەو امن و استخبارات و چەکداری تر لەژیانی شەخسی هاوولاتی کوردا و بەجیبەجیکردنی ئیسلاحی زەراعی لەقازانجی جوتیاران و ریگەگرتن لەبوژانەوەی دەرەبەگایەتی وەلەژیر چەتری ئاشتیو سەلماندنی مافە رەواکانی کوردا ، لەجیگەی چەند دەستەیەک چەکداری کری گرتەو دەرەبەگ هەمو خەلکی کوردستان ئەبنە شورەیەکی قایم بو پاراستنی نیشتمان و پوچەل کردنەوەی پیلانی دوژمنان و شکاندنی هیرش و پەلاماردانی داگیرکەری ئیرانی .

- بەبەردانی زیندانیە سیاسیەکان و برا بەرزانیەکان و خوش کردنی زەمینەی گەرانەوەی کوردە فەیلیەکان و پەنابەرە سیاسیەکان ، و سازکردنی دەرفەتی دیموکراتیانە بو بەشداری تەواوی خەلک لەحوکمرانی خوی و خزمەتی گەل و نیشتمان دا ، دلخوشیو متمانەیەکی وا بەکاربەدەستان پەیدا ئەبی کەهیچ پیویستیەکیان نەمینی بەزیندان و توقاندنی خەلک بو پاراستنی دەسەلاتی حوکم ، بەلکو ئەو خەلکەی ئازاد ئەبیو مافی دیموکراتی خوی دەسگیر ئەبی خوی ئەبیتە شورەیەکی پولایین بو پاراستنی ئاسایشی وولات .

- بەدەست هەلگرتن لەسیاسەتی تەبعیس و زەبروزەنگ نواندن بو ئەوەی چەند سەد کوردیک بکەن بە بەعسی یان جەیشی شعبی " . بەریگەدان بەریکخراوە سیاسیودیموکراتی و پیشەییەکانی کوردستان . ئەتوانن نەک هەر ئەو حالەتە نەهیلن کەکورد لەحیزبی بەعس دورئەکەویتەوەو بەزالم تەماشای ئەکا بەلکو لەسیبەری ئاشتیو برایەتیو سەلماندنی مافی کوردا بەهوی ئەو ریکخراوانەوە هاوپەیمانی بەهیز پەیدا بکاو دوستایەتی میللەتی کورد مسوگەر بکا . تا هەمو کومەلانی خەلکی عیراق یەک ریز بەگژ دوژمنانی گەل و نیشتمان دا بچن ، و خەریکی پاراستن و گەشەپیدانی عیراق بن .

بەمجورە لابردنی باری نائاسایی کوردستان بەقازانجی گەل و نیشتمان ئەگەریتەوە ، یەکیتی خەلکی عیراق پتەو ئەکا ، گومان و دوو دلی ناهیلی ، بەرگری لەپاراستنی عیراق خورت و بەتوانا ئەکا . زەمینەی گەشەکردن و پیشکەوتن خوش ئەکا و پیلانەکانی دوژمنانی گەلی عیراق و نیشتمانی عیراق تیک ئەشکینی .

کەچی مانەوەی ئەو وەزعە نالەبارو نائاساییە ، ئەبیتە مایەی بەدبینیو بی بروایی خەلکی کوردستان . هوی پەیدا بون و گەشەکردنی دژایەتی کردنی دەسەلاتی حوکم لەعیراق دا .. ئەبیتە مایەی دل رەنجانی جوتیاران،کریکاران،خویندکاران ، هونەرمەندان ، ئەدیب و نوسەران ، ماموستایان و کاسبکاران

لەکوردستان دا ، ئەبیتە مایەی ئەوە کەهەمو کەس لەکوردستان دا چاوەروان بن ، هەولیش بدەن روژی زوتر لەم حکومەتە رزگار بن کەئەم هەمو وەزعە نائاسایەی بو ساز کردون .

بەواتایەکی تر ئەبیتە هوی لاواز کردنی جبهەی ناوخوی عیراق و تیکچونی تەرازوی هیز لەو جەنگە چارەنوسسازەدا کەخەلکی عیراق دوچاری بون .

بەلام ئایا نەهیشتنی وەزعی نائاسایی لەکوردستان دا بەقازانجی کیو مانەوەی لەبەرژەوەندی کییە ؟

هەمو ئەو لایەن و کەس و تاقمانەی ، پاراستن و پیشکەوتن و بو پیشەوەچونی عیراقیان مەبەستە ، هەمو ئەوانەی بەهیزبونی جەبهەی ناوخوی عیراق و برایەتی کوردو عەرەب و سەرکەوتنی هەول و تەقەلای دلسوزانەو مەسئولانەیان گەرەکە بو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەئاشتی، هەمو ئەوانەی دژی هەلگیرسانەوەی شەری شوم و ویرانکەرین لەکوردستان دا نەهیشتنی وەزعی نائاسایی کوردستان بەقازانجی خویان و مەسەلە نیشتمانیەکەیانە .

هەمو ئەو کەسانەش کەلەسەر حیسابی برایەتی کوردوعەرەب، لەسەر حیسابی جەبهەی ناوخوی عیراق . لەسەر حیسابی لاواز بونی بەرگری عیراق دژی داگیرکەران وەلەسەر حیسابی شەرو پشیوی لەکوردستان دا خەریکی دەولەمەندبون و بەد ئەخلاقی و خو قایم کردنن مانەوەی وەزعی نائاسایی کوردستان بەقازانجیانە .. ئەنجا ئەوانە چ لەریزی میری دا بن یا کونەپەرستەکانی کورد بن ، کەئەوانەش بیانەوی یان نەیانەوی ، راستەوخو یان ناراستەوخو خزمەتی دوژمنانی عیراق ئەکەن ، خزمەتی داگیرکەرانی ئیرانی ئەکەن و تیاچونی عیراق و پارچە بونی عیراقیان ئەوی .

**زنجیرەی شەشەم**

# مافی مروڤ لەژێر سایەی حکومەتی عیراق دا

ریزگرتن لەمافی مروف و پاراستنی کەرامەتی،هەم بنچینەی دامەزراندنی سەربەستیو ئاشتیو دادپەروەریە ، هەم پیوانەی ریزو رەوا بون یا نارەوایی و خراپی هەر رژیم و دەسەلاتیکی حوکمە .

فەراموش کردنی مافی مروف و پیشیل کردنی گەلی جار بوتە هوی ئەوە کەکاری وا دزیو و ناشیرین دەرهەق مروف بکری ، کەویژدانی مروفایەتی ئازار بدا و بی هەژینی .

لەبەرئەوە هەموو دەولەتانی پیشکەوتوی دنیا ، ریزگرتنی مافی مروف و پاراستنی کەرامەتیان کردوە بەبەردی بناغەی یاساو بەرنامەی کاری سیاسیو بەریوەبردنی سەرجەم کاروباری دەولەت و کومەل ، وەچەندین یاسای تایبەتیان بو حورمەت گرتنی ماف و کەرامەتی مروف جیگیر کردوە .

ئەو دەولەتانەش کەبەشداریان کرد لەریکخراوی نەتەوە یەککرتوەکان دا ، لەبەردەمی هەمو دەولەتان و میللەتانی دنیاو ویژدانی خویان دا ، بەلینیان دا کە بەتەواوی التزام هەم بەبروانامەی ریکخراوی نەتەوە یەککرتوەکان هەم بە (بەیانی جیهانی مافی مروف)ەوە بکەن و چیتر مافی مروفی ولاتانی خویان فەراموش نەکەن و کەرامەتی پیشیل نەکەن .

بەو پییە ئەبو هەمو حوکمرانەکان لەوە بکەن کە " مروف هەمو بە ئازادی و یەکسانی لەماف و کەرامەت دا لەدایک ئەبن ، و عەقل و ویژدانیان پی بەخشراوە ، ئەبی بەگیانی برایەتی لەگەل یەکتر رەفتار بکەن " .

وەکە " هەمو کەس مافی ئەوەی هەیە بەئازادی بەشداری هەر کورو کوبونەوەیەکی هیمنانە بکات و هەرگیز نابی کەس ناچار بکری بچیتە هەر جورە ریکخراویکەوە " .

وەکە " نابی هیچ مروفی بەزور بگیری یا حیجز بکری ، وەنابی هیچ مروفی ئەشکەنجە بدری یا رەفتاری درندانەو رەقەکاری لەگەل بکری ، نابی سزای قورس بدری یا کەرامەتی بوبەندار بکری " .

عیراق ، وەکو یەکیک لەو دەولەتانەی لەریکخراوی نەتەوە یەککرتوەکان دا بەشداربوە ، وە بەلینی بەو دەولەتە بەشدارانەو بەرای گشتی جیهان داوە کەالتزام بەبروانامەو بەیانی مافی مروفەوە بکا وەحورمەتی ئازادی و مافی مروف بگری و ریگە نەدا کەرامەتی مروف پیشیل بکری . کەچی یەکیکە لەو حکومەتانەی لەکونەوە ناوی دەرکردوە بەوەی کەحورمەتی مافی مروف ناگری و پیشیل کردنی مافی مروف و کەرامەتی ئینسان بوتە نەریتیکی جیگیر لەلای داو دەزگاکانی حکومەتی عیراق

سەرەرای ئەوە کەهەندی فقرەی دەستوری عیراق لەبارەی مافی مروف و حورمەتگرتنی کەرامەتیەوە ئەدوی ، وەیاسای (ئوصولی محاکمەی جەزائی عیراق) سالی ١٩٧١، هەندی ری و شوینی تایبەتی دائەنی بو ئەوەی کەس بەئازەزو نەگیری و نەخریتە ژیر ئەشکەنجەو ئازاردانەوە .

سەرەرای ئەوە کەعیراق جاریکی تر لە ١٩٧١/١/٢٥ دا پەیمانی نیو دەولەتی مافی مەدەنیو سیاسی مروفی ئیمزا کردەوە ، وە سەرەرای ئەوەی کەچەندین جار لیژنەی مافی مروف لەجنیف سەرنجی کاربەدەستانی عیراقی راکیشاوە بو ئەوە کە حورمەتی کەرامەت و مافی مروف ناگیری و بروانامەی ریکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکان و بەیانی جیهانیو مافی مروف لەعیراق دا پیشیل ئەکری .

کەچی هاوولاتی عیراقی لەسەر سادەترین اخباریەو راپورت کیش ئەکری بو لیپرسینەوەو لیدان و هەلواسین ، لەکاتیکدا دەیان دەزگا لەعیراق دا دروستکراوە بو گرتن و لیدان و گوم کردن و هەلواسین و کوشتن و دەسدریژی بو سەر مافی مروفایەتی هاوولاتی، بەلام هیچ دەزگایەک نیە بو پاریزگاری و لەسەر کردنەوەی هاوولاتی کەدەستدریژی ئەکریتە سەر

لەوەتەی دەولەتی عیراق دامەزراوە کاربەدەستانیحکرمەت بو پاریزگاری حوکمەکەیان هەمیشە پەنایان بردوتە بەر ریگەی زەبروزەنگ بو سەرکوتکردن و لەناوبردنی معارضە ، تەنانەت ئەگەر معارضەکە چەکدار و توندو تیژیش نەبوبی بەلکو هیمنانەو سیاسیو لەسەر خوش بوبی

نمونەی ئەو زەبروزەنگ نواندنە بی جیە ، گەرچی میژوی دەسەلاتدارە یەک لەدوا یەکەکانی عیراقی پر کردوە ، هەر لەمانگی رابوردودا ، لەمانگرتنی هیمنانەی خویندکارانی کوردستان دا لەشاری هەولیرو کەرکوک و سلیمانی،کاربەدەستانی دەزگاکانی کەوتنە گیانی،خویندکاران و لەشاری کەرکوک بەناهەق و بەناڕەوا خویندکار نجاة اسماعیل و لەسلیمانیش شەش کەسیان شەهید کردو ئیستاش دەیان کەس لەگیراوەکانی ئەو مانگرتنە هیمنانەیە لەسەردابەکانی داثیرەکانی ئەشکەنجەو لیدان دا ماونەتەوە ..

ئازادی و دیموکراتیو سەربەستییە شەخسیەکانی هاوولاتی عیراقی لەهیچ کات و سەردەمیکا حورمەت نەگیراوەو نەبوە ، جیگەی داخە ئەمە بوتە تقلیدیک لەحوکم کردنی عیراق دا و چەندین حکومەت هات و رویشت و گورا کەچی وەزعی ئازادی انسان و پاریزگاری کەرامەتی مروف هەروەکو خوی ماوەتەوە .

ئیستاش پاش دوو جار لیبوردنی گشتی زیندانیەسیاسیەکان ، وەپاش هەول و ماندوبونیکی زوری یەکیتی نیشتمانی بوبەردانی چەند سەد گیراویکی سیاسی تر زیاتر لەهەزار کورد کەلەسەر مەسەلەی سیاسی جوراو جور گیراون لەزیندانەکانی میری و گرتوخانەکانی دەزگاکاندان .. لەوانە زیاتر لە ٢٠ کەسیان

لەژوری سیدارەدان و مەرگ هەرەشەیان لی ئەکات. لەگەل ئەم وتارەدا ناوی لیستەیەکی بلاوئەکەینەوە.★

ئیستاش زیاتر لەچوار هەزار کوردی بارزانی لە گرتوخانەیەکی تایبەتی ئەناسراودا بی سەرو شوینن. لەهەمو مافیکی مروف و لەهی گیراوی سیاسی بی بەرین تەنانەت بو سالیک ئەچی ریگەی مواجهەی هیچ کەسیکیان نەدراوە.. بەبی ئەوەی کە بەئاشکرا محاکمە کردن یان تاوانەکانیان ئاشکرا بی.. کەبیگومان ٨٠% ی ئەوانە بەبی تاوان و رەش بگیر لەزیندان خزینراون.

هەروەها سەدان مروفی سیاسی عەرەب گیراون، و لە زیندانەکان دا ماون و هەندیک لەوانە بی سەرو شوینن.

لەگەل ئەوەدا کەحکومەتی عیراق چەندین بەلگەو پەیمانی نیو دەولەتی مور کردوە دژی ئەشکەنجەو لیدان و هەلواسینی مروف، لەدەستوری عیراقیشدا ئەشکەنجەدان قەدەغە کراوە وە بەچەندین یاسای تری عیراقی ری لە وەرگیراوە کەبەزوری لیدان و ئازاردان اعتراف لەگیراوی سیاسی وەربگیری.

کەچی ئەشکەنجەدان، بوە بەمەسەلەیەکی ئاسایی و بەبەرچاوی لیپرسراوانەوە هەمو دەزگاکانی ئەمن واستخبارات و هی تر ئەشکەنجە لەگەل هاوولاتی عیراقیدا بەکارئەهینن ئەگەر لەسەر سادەترین اخباریە گیرابی..

ریکخراوی لیبوردنی جیهانی (ئەمنستی) و لیژنەی مافی مروف لەریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین جار نارەزایی و بیزاری خویان لەسەر لیدان و ئەشکەنجەدانی گیراوی سیاسی بەلیپرسراوانی حکومەتی عیراق گەیاندوە..

کەچی بەتەنها لەکاتی خوپیشاندانە گشتیەکانی کوردستان سالی ١٩٨٢ لەو خەلکەی لەکاتی خوپیشاندانەکان گیران زیاتر لە ١٠٠ خویندکارو هاوولاتی کورد لەژیر لیدان و ئەشکەنجەدا لەناوچون و تائیستاش بی سەرو شوینن.

ئیمە لەکاتیکدا داوا لەکاربەدەستانی حکومەتی عیراق ئەکەین کەکاریکی وا بکات حورمەتی کەرامەت و مافی هاوولاتی عیراق بگیری و بروانامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەیانی جیهانی مافی مروف پیشیل نەکری، وەداوا ئەکەین گیراوە سیاسیەکان ئازاد بکرین و سنوریک بو لیدان و ئەشکەنجەدان دابنری...

داوا لەهەمو ئازادیخوا و ریکخراوەکانی مافی مروفو پاراستنی مافی زیندانی سیاسی.. و لەهەمو دەولەتانی پیشکەوتوی دونیاو رای گشتی جیهانی ئەکەین کەداوا لەحکومەتی عیراق بکەن گیراوە سیاسیەکان ئازاد بکرین.

---

★لەرۆژانی ٢٠٦/٦/١٩٨٤ ناوی ٦٨٦ زیندانیی سیاسیی کوردمان لە ئیستگەی دەنگی شورشی عیراقدا بلاوکردەوە.

زنجیرەی هەردەم

# حکومەتی عیراق و کوردەسی مفاوضات

یەکێک لەو مەسەلە سەرەکیانەی کەبوتە هۆی دواکەوتن و دەردو بەلای گەلانی رۆژهەلات نەبونی ئازادی و سەربەستی و هەبونی (استبدادی شرقی)یە .

استبدادی شرقی بەدرێژایی چەندین قەرن بوتە نەریتی باوو زالی حوکمرانی لەهەمو ناوچەی رۆژهەلاتدا .

انسان لەسەر بچوکترین داوای رەوای خۆی لەوانەیە نەک هەر ئازار بدرێ ، بەلکو لەوانەیە بەناهەق بەئەشکەنجەو ئازار بکوژرێ .

یەکێک لەو دەولەتانەی پر بەپری وشەی استبدادی شرقی تیدا بوتە نەریتی حوکمرانی، دەولەتی عیراق بوە لەوەتی دامەزراوە .

لەعیراق دا ئازادی پێکهێنانی حیزب و نەقابەو رێکخراو نەبوە

لەعیراق دا ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان نەبوە .

ئازادی رۆژنامەنوسین و دەربرینی بیرورا و داوا و رەخنە نەبوە .

بەلکو لەعیراق دا مافی مروف هەمیشە پێشێل کراوەو ئەبێ انسان لەو قەفەزەدا بجولێتەوە کەدەولەت بۆی دیاری کردوە ئەگینا تووشی سزادان ئەبێ، جا لەوەزعێکی وادا کەئازادی و ژیانی دیموکراتیو ژیانی پارلەمانی نە بەمەعنای راستەقینەو نە بەمەعنای روکەش نەبێ انسان دوو رێگەی لەبەردەمدایە :

یا سەرشورکردن بۆ واقیعی حال و رازی بون بەو چارەنوسەی بۆی دیاری کراوە کەبریتیە لەدیلیو زەلیلی .

یاخود بەرەنگاری و روبەروبونەوەو یاخی بونی تاک و بەکومەل لەروی واقیعی حالدا واتە (استبداد) ئەگەرچی ناخۆش یا ناشومیدانەش بێ .

لەبەرئەوەی میللەتی کورد هەرگیز دەولەتی خۆی نەبوە تا بزانین لەوێشدا هەر استبدادی شرقی زال ئەبو وەمافی مروف پێشێل ئەکرا یا رێچکەیەکی تری ژیانی ئەگرت ، بەلکو میللەتی کورد هەمیشە بێ دەولەت و ژێردەستەو چەوساوەو زولم لێکراو بوە . لەژێر باری جەورو زولمی استبدادی شرقیدا ئالاندویەتی. بەلام جێگەی سەربەرزی یە بۆ هەمو کوردێک کەمیللەتی کورد بەدرێژایی مێژوی خۆی ، لەهیچ زەمان و لە هیچ زەمینێکدا سەری شور نەکردوە بۆ واقیعی حال و زولمو زورو استبدادو دیلایەتی قبول نەکردوە ، بۆیە بەشێکی مێژوی رۆژهەلاتی ناوەراست پێکدێ لەشەرو شوری کورد لەگەل دەولەتەکانی ناوچەکە .

نەتەوەی کورد، ئەگەرچی دەولەتیش نەبوە، بەلام ئەگەر لەگەل نەتەوە گەورەکانی دەوروپشتیدا وەکو عەرەب و فارس و تورک بەراورد بکری لەبواری بیناکردنی شارستانیتی و حەزارەتی روژهەلات و ئیسلامدا هەر لەکاروباری دروستکردنی پروژەی کانیاوی گوندیکەوە تا نوسینی قول لەمەسەلەکانی علومی ئیسلامی و فەلسەفیدا وەتا کاروباری عەسکەری گەورەی وەکو شەری سەلیبیەکان. کورد هیچی کەمتر نەبوە لەنەتەوەکانی دەوروپشتی، لەگەل ئەوەشدا میژوی ناوچەکە تاکە یەک رودا و ناگریتەوە لەسەر ئەوەی کورد کەرەتیک ئەرزی نەتەوەیەکی تری داگیرکردبی یا دەسدریژی کردبیتە سەر مافی میللەتیکی تر. بەلکو بەدریژایی تاریخ هەر کورد ئەرزی داگیر کراوەو مافەکانی پیشیل کراوەو دەسدریژی کراوەتە سەرو نەیان هیشتوە بەو چەشنە بژی کەخوی ئەیەوی، هەر لەبەرئەمەش بوە چەک، راپەرین و شورش و زەبروزەنگی شورشگیرانە دژی دەولەتانی داگیرکەری ناوچەکە بەشی گەورەی میژوی نەتەوەی کورد پیک ئەهینی. رەنگە مبالغەو خوهەلکیشان نەبی کەئەگەر بلیین ئەوەش رەنگدانەوەی پروسەی جوری پیکهاتنی تایبەتی نەتەوەی کوردو گەشەکردنی بی، کەهەرگیز زولم و زورو اهانەو دەسدریژی پی قبول نەکراوە.

گەلیک جار نوسەرانی بیگانە کەلەسەر کوردیان نوسیوە، وایان لەقەلەم داوە کەکورد زور حەزی لەیاخی بون و گوینەدانە قانون و چەک هەلگرتنە، لەراستیدا ئەمە بینینی روکەشی مەسەلەکەیە، چونکە راستە کورد هەمیشە لەحالی یاخی بون و بەرهەلستیی قانونی زوردارانەی دەولەتانی ناوچەکەدا بوە، بەلام کورد بویە ئەو ریگەیەی گرتوە چونکە هیچ ریگەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوە. نەی توانیوە بەریگەی سیاسی و هیمنانە داواو ئامانج و ویست و خواست و ئاوات و تەنانەت ئەو زولم و چەوسانەوەیەی بەسەریەوە بوە بخاتە بەرچاوی خەلک و کاربەدەستان. ریگەی نەدراوە حیزب و ریکخراوی تایبەتی خوی دروست بکا، گوڤارو روژنامەی تایبەتی خوی بلاوبکاتەوە، بو دەربرینی نارەزایی مانگرتنی بیدەنگ و هیمن یا خوپیشاندانی بیدەنگ و هیمن بکا، پارلەمان وکورو کوبونەوەی ئازاد نەبوە قسەی خوی تیدا بکا ... سەپیچەوانەوە کاربەدەستانی بیگانە لەکوردستاندا هەمیشە بەئاگرو ئاسن وەلامی گەلی کوردیان داوەتەوە جگە لەریگەی بەکارهینانی زەبرو زەنگ و خەباتی چەکدار، کورد وتەنی جگە لەزمانی تفەنگ هیچ ریگەو بوارو مەیدانیکیان بو نەهیشتوتەوە کاری تیدا بکا بویە کوردیش بەناچاری ریگەی خەباتی چەکداری گرتوە، لاشمان وایە ئەوە هەم ئەرک و هەم مافی هەمو نەتەوەو گەل و چین و تاقمیکە کەلەرووی زولم و چەوسانەوەدا رابپەری و دەس بداتە چەک و پەنا بباتە بەر زەبرو زەنگ و ئەگەر زولم و زورو چەوسانەوەو ئیهانەی قبول کرد شایستەی حورمەت و ریزلینان و پشتیوانی نیە.

تەنیا ڕێگەی هەمو جار کاربەدەستانی ناچار کردبی گوێ لەداواکانی کورد بگرن شۆڕش و دەسـدانە چەکێ بوە، کاربەدەستانیش تا لەڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگی عەسکەری و پۆلیسی بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی کورد نائومێد نەبوبن، ئامادە نەبون گوێ لەئاهو نالەی کورد بگرن، بۆیە:

هەم کورد کە بەرامبەرەکەی ئامادەبوبی گوێ لەداواکانی بگری ڕێگەی مفاوضەی گرتوە وەکو یەکێک لەشێوەکانی خەباتی گەلی کورد.

هەم کاربەدەستانیش کەنائومێدبون لەڕێگەی بەکارهێنانی چەکێ دژی گەلی کورد ڕێگەی مفاوضەیان گرتوە وەکو گەمەیەکێ بۆ شکاندنی شۆڕشی گەلی کورد.

بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی گەلی کورد قەرنێک زیاترە، بەپێی تێگەیشتنی زانستی، دەستی پێکراوە، وە لەو قەرنەشدا گۆڕان و گەشەکردنی قوڵ و بنەڕەتی بەسەر شێوەو ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەدا هاتوە، لەڕوی ناسینی دوست و دوژمن و ناسینی سروشتی ناکۆکیەکان و ناسینی ئوسلوبی خەبات و تێکۆشانی قوناغی جۆراوجۆر، لەگەڵ ئەوەشدا مفاوضە لەبەینیبزوتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردو کاربەدەستاندا هێشتا وەکو ئوسلوبێکێ بۆ خەباتی سیاسی لەلایەن کوردەوە، وە وەکو اسلوبێکێ بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی کورد لەلایەن کاربەدەستانەوە هەربەردەوامە ئەگەرچی تەجروبەی نەتەوەی کورد بەدرێژایی قەرنی ڕابوردو لەگەڵ مفاوضەدا هەتا بڵێی تاڵ و ناخۆش بوە، چونکە پڕی بوە لەپیلانگێری و غەدرو دەگەلیدان.

بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی گەلی کورد کەم جار لە مەیدانی عەسکەری دا شکستی خواردوە بەڵکو زۆر جار شەڕی بردوتەوە، کەچی لەمفاوضەدا واتە لەخەباتی سیاسیولەمەیدانی سیاسیدا زۆر جار شەڕەکەی دۆڕاندوە، چونکە هەروەکو پێشتر وترا مفاوضە هەمیشە تیغێکی دودەم بوە:

هەم کورد ویستویەتی بەکاری بهێنی بۆ دەربڕینی خواست و ویست و ئێشو ئازارەکانی.

هەم کاربەدەستان ویستویانە بەکاری بهێنن بۆتێکشکاندنی شۆڕشی کورد ئیتر یا بەپیلان گێران و گرتن و لەناوبردنی سەرکردەکانی شۆڕشەکەیان بەکڕین و سوکێ کردنیا نوکوژاندنەوەی شۆڕشەکە.

ئەمجارەش کەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاش پرسکردن بەهەمو کادرە عەسکەری و سیاسیەکانی خۆی و بەزۆربەی ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان و کەسانی خاوەن ڕەئی و ژمارەیەکی زۆری پیاو ماقوڵانی شارو دێهاتی گەلەکەمان، دەربارەی مفاوضە، لەدوای نۆ ساڵ خەباتی خوێناویوهەشت ساڵ خەباتی بێوچانی چەکدار بڕیاری دا داخلی مفاوضە بێ لەکاتێکا هەمو تەجروبە تاڵ و ناخۆشەکانی مفاوضەی کوردوکاربەدەستانی لەشەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لەبیربو، وە لە

کاتێکا لەچەندین لایەن و تاقمی ناحەزەوە درو و بوهتانی بە پال دراو لەچەندین تاقمی دوستەوە رەخنەو گلەیی هاتە سەر.

بەلام هەروەکو دیاریکردنی سەرەتای مانگی حوزەیرانی١٩٧٦ بو هەلگیرسانەوەی شورش و خەباتی چەکدارانە دژی کاربەدەستانی عیراق راست و لەشوینی خوی دا بو، ئەگەرچی زور لایەن و حیزب و تاقم و دەولەت دژی بون و هەندیکیان بەخوکوژی یان دائەنا هەروەها هەلبژاردنی کوتایی ٨٣ و سەرەتای ٨٤ یش بو دەسکران بەمفاوضە راست و لەشوینی خوی دا بو، بەلام بەشی هەرە زوری گەلی کوردیش لەعیراقدا پشتیوانی لەو هەنگاوە کرد، چونکە هەردوو هەنگاوەکە:

هەم دەسپیکردنەوەی شەر لە٧٦دا، بەشیوەی پارتیزانی، دریژەپیدانی خەباتی چەکداری گەلی کورد بو.

هەم دەسپیکردنەوەی مفاوضە لە٨٤دا، بەشیوەی سیاسی، دریژەپیدانی خەباتی سیاسی گەلی کورد بو، وە لەشورشی کوردا هەردوکیان یەکتری تەواو ئەکەن.

ئەوا شەش مانگە مفاوضەیە لەبەینی گەلی کوردو کاربەدەستانی عیراقدا:

گەلی کورد مفاوضە ئەکا بو ئەوەی بەمافە رەواکانی خوی بگات، بو ئەوەی خواست و ویست و ئاوات و ئامانج و قیش و ئازارەکانی خوی بەکاربەدەستانی عیراق رابگەیەنی.

حکومەتی عیراقیش مفاوضە ئەکا بو ئەوەی کوتایی بەشورشی کورد بهینی و بیکوژینیتەوە.

هەلبەتە لیرەدا پرسیاریکی گرنگ دیتە پیشەوە کەواتە بوچی یەکیتی نیشتمانی بریاری مفاوضەی دا لەکاتیکا شورشی گەلی کورد لەوپەری بەهیزی دا بو لەروی عەسکەری وسیاسیەوە، وەحکومەتی عیراق خەتەری ئیران بەلکو خەتەری روخانی لەسەربو وەلامی ئەم پرسیارە هەلئەگرین بو ئەلقەی داهاتو.

# گرێی کوردو گرێی مفاوضات

کاتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان داخلی مفاوضە بو لەگەل حکومەتی عیراق دا پاش هەشت سال شەری خویناوی چەندین کەس و لایەن و حیزب و ریکخراو، تەنانەت چەند دەولەت، ئیتر لەروی دلسوزی و هەستکردنەوە بی بەمەسئولیەت بەرامبەرگەلی کورد یا لەروی نامەردی و دوژمنایەتی یەکیتی‌یەوە بی، یەکیتی‌یان ختە ناو قەفەزی محاکمەوە یا ئەو پرسیارەیان بەرەو روو ئەکردەوە کەبوچی یەکیتی نیشتمانی لەو کاتەدا کەهیرشی ئیران گەرم بو لەسەر عیراق و خەتەری سەرکەوتنی ئیران و شکانی عیراق لەکایەدا بو شەری وەستان و کەوتە مفاوضە، لیرەدا پیش ئەوەی بچینە سەر باسەکە چاکە وایە سەرلەنوی دوو مەسەلەی گرنگ کەهەمیشە لەهەمو بریارەکانی یەکیتی‌دا رەنگی داوەتەوە دوبارە بکەینەوە:

یەکەمیان ـ یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەوەرگرتنی هەمو هەلویستەکانی‌دا قازانجی کومەلانی خەلکی کوردستانی لیکداوەتەوەو بەگویرەی پیویستیەکانی هەلومەرجی مەوزوعی کوردستان هەنگاوی ناوە نەک بەپیی فەرمان و نەسیحەت و قسەی ئەم و ئەو یا بەپیی بوختان و درو و جنیو و قسەی ئەم و ئەو بەلکو هەمیشە وەکو ریکخراویکی سەربەخو بیری کردوتەوەو بریاری داوەو رەفتاری کردوە.

دووەمیان ـ لەبەرئەوەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەمیشە قازانجی کومەلانی خەلکی کوردستانی لەبەرچاو گرتوە بی ئەوەی گوی بداتە دەسکەوتی تایبەتی بو یەکیتی نیشتمانی وەکو ریکخراو یا وەکو ئەفراد بویە هەمیشە لەهەمو مەسەلەیەکدا توانیویتی زور بەجورئەتەوە بی ترس و سلەمینەوە بریار بداو هەنگاو بنی.

هەر لەبەرئەوەش بو کە لەتاریکستانی ئاشبەتالدا لەکاتیکا عیراق و ئیران ریکەو تەبا بون بریاریدا سەرلەنوی ئالای شورش و بەرەنگاری لەکوردستاندا هەل بکاتەوە، وە لە گەرمەی شەرو دەسوەشاندنیشدا لەهیزەکانی عیراق لەکاتیکا عیراق و ئیران لەگەرمەی جەنگا بون توانی بریاربدا شەر بوەستینی‌و داخلی مفاوضە ببی لەگەلی، بی ئەوەی پرس بەکەس بکا جگە لەگەلەکەی خومان، وەبی ئەوەی گوی بداتە قسەی کەس جگە لەمیللەتەکەی خومان.

بەکیتی نیشتمانی کوردستان لەزەعیفیەوەیا خودلەئەنجامی شکان و کولدان دا نەکەوتە مفاوضە بەلکو لەو کاتەدا کە داخلی مفاوضە بو هەم لەروی پیشمەرگەیەوە لەسەرکەوتنا بو وەهەم لەروی سیاسیەوە لەهەلویستیکی بەهیزدا بو. ی. ن. ک بەپیچەوانەی هەمو دروو دەلەسەکانی لایەنەکانی جودەوە کە

لەئیرانەوە ئەوەرین ، دەیان نەبەردی گەورەی بەسەرکەوتویی لەسەرانسەری کوردسانداندا ئەنجام دابو، وەشەری گەیاندبـوە ئەو پیدەشتانەی کە لەشورشی ئەیلولیشدا نەی گەیشتبویە ، پیشمەرگەو جەماوەری شارو لادیی لەخەباتدا تیکەلاو کرابو ، سنوری ناوچەی ئازادو بنکەو بارەگاکانی یەکیتی چەن قات فراوانتر کردو لەقولایی کوردستانی عیراق دا جیگیر بو ، وەهیزی پیشمەرگەش لەروی تاکتیکی کارەوە لەچالاکی پچوکەوە چوبوە قوناغی چالاکی گەورەوە وەلەقوناغی خوپاراستنەوە چوبوە قوناغی هیرش بردنەوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی هەمو هیزەکانی جودی بەکومەل شکاندو ریسوا کرد .

جا کە (ی . ن . کە) نە لەروی سیاسیەوەو نە لەروی پیشمەرگەییەوە لاواز نەبو بەلکو بەهیز بو، شورشی گەلی کورد لەمەترسیدا نەبو بەلکو عیراق لەمەترسیدا بو، وە شورشی گەلی کورد پیویستی بەوەستاندنی شەر نەبو بەلکو عیراق پیویستی بەوەستاندنی شەر هەبو، کەواتە بوچی ی . ن . کە لەو کاتەدا کەوتە مفاوضە؟ لەوەلامی ئەمەدا ئەلیین دروست لەبەر هەمان هو: واتە لەبەرئەوەی عیراق لەمەترسیدا بو،وەپیویستی بەوەستاندنی شەر هەبو.

شتیکی شاردراوە نیە کاربەدەستانی عیراق چەندین سالە خەریکی جیبەجیکردنی نەخشەی لەناوبردنی کوردن ، هەروەکو لەوتارەکانی پیشودا رون کرایەوە، نەتەوەپەرستەکانی عەرەب کورد بەغەریب ئەزانن وا ئیدیعا ئەکەن کەوەکو میوان لەسەر ئەرزی عەرەب دانیشتوە لەبەرئەوە ریگەو شوینی دەرپەراندن و لەناوبردن و تواندنەوەی دائەنین و بەشیکی زوریشیان بەبەهانەی امنی ستراتیجی عیراقەوە جیبەجی کردوە .

هەلگیرسانی جەنگ لەنیوان عیراق و ئیران دا هەم فرسەتیکی بو گەلی کورد هەلخست ئەگەر بیەوی سود لەناکوکی ئەو دو دەولەتە وەربگری هەم گوشارو زەغتی عەسکەری لەسەر پیشمەرگە کەم کردەوەو هیزی پیشمەرگە توانی چاکتر لەروی چەندایەتیو چونایەتیەوە گەشە بکات ، لەو شەرەدا کورد دەوریکی ئەوتوی نەبو، هەروەکو دەستی لەهەلگیرساندنی یاخود لەیارمەتیدانی کاریگەری لایەک دژی لاکەی تریاندا نەبو، تەنانەت مەیدانی شەرەکەش دور بو لەکوردستان ، هەتا جاشەکانی ق . م کەوتنە گیچەل کردن بەشورشی کوردستانی ئیران و یارمەتی هیزەکانی ئیرانیان دا لەپەلامارداني بنکەکانی پیشمەرگەو گرتنی ناوچە ئازادەکانی کوردستانی ئیران دا بەو جورە شەریشیان خستە کوردستانەوە، کەئەمەش یەکیکە لە گەورەترین تاوانە تاریخیەکانی (ق . م) لەمیژوی گەلی کوردا.

کاربەدەستانی عیراق کەخوی لەئەسلا لەبەهانە بون لەگەلی کوردو چەندین سالە خەریکی جیبەجیکردنی نەخشەی لەناوبردنی گەلی کوردن لەعیراق دا ، ئەو فرسەتەی بەهەل زانی بو ئەوەی بەشیوەیەکی بەرنامەدار کاربکەن بو خوشکردنی زەمینەی قەناعەتی ویژدانی لەلای نەتەوەی عەرەب بەگشتیو گەلی عەرەب

لەعیراقدا وەلەناو داموو دەزگای جەیش و هیزە چەکدارەکانی ترا بەتایبەتی کەگوایە کورد نەکێ هەر بەشداری عیراق ناکا لەشەردا بەلکو خائینەو لەپشتەوە خەنجەری ژەهری لی ئەدا وەئەو شکست و زەرەرانەی لەشەردا لەگەل ئیران لیی ئەکەوی ئوبالەکەی لەئەستوی کوردایە بو ئەوەی گەلی عەرەب لەروی فکرییەوە ئامادە بکا کەوەکو میللەتی بەشداربن لە لەناوبردنی میللەتی کوردا ، هەروەکو دەولەتی عوسمانی کە لە شەری روس دا شکا ، ئوبالەکەی خستە ملی ئەرمەن و ئەوەی کرد بەبەهانە بو قەتلو عامی ئەرمەن ، وەئەلمانیا کە لەجەنگی جیهانیی یەکەمدا شکا ئوبالەکەی خستە ملی جولەکەو ئەوەی کرد بەبەهانە بو قەتلو عامی جولەکە ، کاربەدەستانیعیراقیش ئەیانویست ئوبالی شکانەکەی خویان کەهەمو کەسیکی ژیرو بەویژدان ئەزانی هوی تری هەیە بخەنە ملی کوردو ئەوە بکەن بەبەهانە بو قەتلو عامی، لەکاتیکا کەئەوە فری بەسەر راستییەوە نیە ، چونکە ئەوە پینج سالە چەن ملیون کورد لە ئیران دا لەشورشدان دژی ریژیمی ئیرانی، وەلەکوردستانی عیراقیشدا لەچەن دەستەیەکی دورە ولاتی لەناو خەلکا سوکێ و ریسوا بەولاوە کەسیکی کەهاوکارییەکی ئەوتویان لەگەلحکومەتی ئیران دا نەکردوە دژی عیراق و ئەگەر ژمارەی ئەوانەش لەگەل ژمارەی ئەو عەرەبانەدا بەراورد بکری کەهاوکارییان کردوە لەگەل ئیران رەنگە سەد بەرامبەر زیاتر بی،لەکاتیکا کە بەشداربونی نەتەوەی کورد بەقازانجی هەر کام لەو دوو دەولەتە چ عیراق و چ ئیران تەرازوی هیزەکانیانی بەجوریکی ئەوتو ئەگوری کە لەوانە بو چارەنوسی جەنگەکە بەیەکجاری بریاربدا .

ی . ن . کێ وەکو گەورەترین هیزی سەربەخو و بەجورئەت ئیسپاتی کرد کەگیروگرفتی کورد لەگەل ئیران و عیراق گیروگرفتیکێ نیە دەسکردی ئەو دەولەتانە یا لەئەنجامی ناکوکی ئەو دو دەولەتە بی، بەلکو گیروگرفتی گەلی کورد گیروگرفتی گەلەکە خوی و زەوتکرانی مافەکانیتی،دەولەتکانی عیراق و ئیران لەشەردابن یان ریکێ و تەبا بن تا مەسەلەی کورد بەچارەسەرنەکراوی مابی، گیروگرفت و شورشی کوردیش هەر ئەمینی، چونکە شەرکردن یا ریکێکەوتنی کورد لەگەل ئەو دەولەتانە نەبەستراوە بەشەر یا ریککەوتنی عیراق و ئیرانەوە بەلکو بەستراوە بەسەلماندنی مافەکانی گەلی کورد یا زەوت کردن و پیشیل کردنی مافەکانیەوە . بویە شکانی عیراق یا ئیران لەو شەرەدا بەندە بەبیرو بوچون و فەلسەفەی حوکمرانی خویان و عاملی ناوەوەو دەرەوەی هەریەکەیان ، نەکێ بەدلسوزی یا خیانەتی گەلی کوردەوە ، کاربەدەستانی عیراق ئیترنا توانن بەهانەی هاوکاری کورد لەگەل ئیران بکەن بەبیانو بو لەناوبردنی کورد یا بیکەن بەمادەیەکێ بو هاندانی جەیشی عیراق و هیزە چەکدارەکانی ترو گەلی عەرەبلەعیراق دا دژی گەلی کورد، چونکە گەلی کورد لەپیناوی مافە رەواکانی خوی دا

جەنگیوە نەک لەپیناوی ئەم دەولەت یا ئەو دەولەت ، وە کاتیکیش کاربەدەستانی عیراق ئامادەیی خویان دەربری بو چارەسەرکردنی کیشەی نەتەوایەتی گەلی کوردو لابردنی زولم و چەوسانەوە لەسەری بەریگەی هیمنانە وا گەلی کوردیش پیشوازی لەو ئامادەییە کرد . بەلام پی ئەچی ئەمجارەش وەکو هەمو جارەکاني تری میژوی مفاوضاتی بەینی کوردو کاربەدەستانی عیراق، کورد کەلک لەمفاوضە وەربگری بو دەربرینی خواستو ویستو داواو ئاواتو ئامانجو ئیشو ئازارەکانی، واتە بو چارەسەرکردنی کیشە کونەکەی .

کاربەدەستانیش کەلک لەمفاوضە وەربگرن وەکو گەمەیەک بو تیکشکاندنی شورشی کورد، نەک وەکو ئوسلوبیک بو چارەسەرکردنی کیشەی نەتەوایەتی گەلی کورد .

لەمەش دا بەپیچەوانەی هەمو جارەکانی ترەوە، ئەگەر جارەکاني تر مەسئولیەتی تیکچونی مفاوضە دابەش بوبی بەسەر کاربەدەستانی عیراق و سەرکردایەتی جولانەوەی کوردو هەندی لای تردا ، هەر لایەکیان بەپیی خوی ، ئەوا ئەمجارەیان مەسئولیەتی تیکچونی مفاوضە ئەکەویتە ئەستوی کاربەدەستانی عیراق ، نەک هیچ لایەنیکی تر، چونکە ی . ن . ک گەمەی مفاوضات ناکا .

هەواڵنامەی کتێب

# لەم کاتەدا کێ زەر لەسەر خوێندکارانی تەقاندەوە

لەکاتیکدا ، وتوویژ لەنیوان یەکیتیی نیشتمانی کوردستانو میری دا بو پیشەوە ئەچوو چەند هەنگاویکی باشی نابو

ئا لەم کاتەدا دەستەیەکی شەرخوازی میری بەدەستی ئەنقەستو بۆ تیکدان و پەکخستنی وتوویژو نوی کردنەوەی نائارامیو تیکدانی برایەتیو یەکیتی ریزەکانی خەلکی عیراق و سەپاندنەوەی شەر بەسەر میللەتەکەمان دا کیشەی خویندکارانیان خولقاندو بەرە بەرە ئاگرەکەشیان خوش کرد .

چونکە ئەو دەستەیە هەمیشە زەرەری لەپتەوبونی برایەتی کوردو عەرەب و ئاشتیدایەو قازانجیان لەهەلگیرسانەوەی شەردایە چاکە شارەزای سازکردنی کیشەو گیروگرفتە ، ئەزانی دەرکردنی دەیان خویندکاری کورد لەخویندنی زانکوپەرەئەسینی و ئەتەنیتەوە ، خویندکاران هەموو ئەگریتەوەو پاشان هەزاران خیزان و بنەمالەی کورد ئەگریتەوەو لەئەنجامدا بەشیکی زۆری خەلکی کوردستان رائەکیشیتە کیشەوەو بارودوخی کوردستان ئالوز ئەبیو کوسپو تەگەرە لەپیش دەمی وتوویژی یەکیتی و میری دا دروست ئەکات .

لەکاتیکدا خویندکارانی کوردستان خەریکی خوئامادەکردن بوون بو پیشوازی کردنی تاقیکردنەوەکانی کوتایی سال لەباتی ئەوەی کەهان بدرین باشتر کوشش بکەن و زیاتر خو بو تاقی کردنەوە ساز بدەن ، ئەو لایەنە شەرخوازە نەخشەی ئەوەی دائەنا بەزور کیشیان بکا بو شەر ، بەزۆر خوێندکارانی کوردی ناچار ئەکرد بچێ لەئۆردوگاکانی " جەیشی شعبی " دا تدریب بکا . ئەو لایەنە شەرخوازە شۆڤینیە بەچەشنی کەوتە هەرەشە کردن و زەبروزەنگ نواندن بەرامبەر خویندکاران ، کەمرۆڤ وا بزانی ئەنجامی جەنگی عیراق ـ ئیران ، شکستو سەرکەوتنی بەرگری عیراق بەرامبەر هیرشی داگیرکەرانی ئیران لەسەر " تدریب " کردنی چەند سەد خویندکاریکی کورد وەستاوە .

ئەوەبوو ئەوانە کەوتنە تەنگە هەلچنین بەخویندکارانی کوردی زانکو ، بۆ ئەوەی ناچار بکرین بەزور رەوانەی تدریب بکرین ، لەئەنجامی قایل نەبوونی خویندکاراندا دەیان خویندکاری کورد لەخویندن دەرکران و ئەوەش خویندکارانی راکیشا بو ئەوەی بەمانگرتنی هیمنانە نارەزایی و بیزاری خویان بەرامبەر ئەو رەفتارانە دەربرن کەدەرحەقیان ئەکری .

هەندی لەلیپرسراوە داخ لەدلەکانی کوردستان ، ئەوانەی کە لەهەلومەرجی شەرو نائارامیدا ، خەریکی دەولەمەندبون و گیرفان پرکردن و دزی و بەدخویی بوون ، کەوتنە گیانی خەلکی مانگرتو وەچەندین کەسیان لی کوشتن و بریندار کردن . وەبەبیانویەکی باشیان زانی بکەونە گیانی خەلکی شارەکانی کوردستان هەر بو ئەوەی گفتوگو تیکە بدەنەوە ، وەبەم جورە

هەلومەرجی کوردستانیان ئالوزاندو کەوتنە قوتکردنەوەی کوسپ و تەگەرە لەریگەی چارەسەری هیمنانەی مەسەلەی کوردا .

هەندیک لایەنی کونەپەرستی کوردیش کە بە مەسەلەکەو هەلومەرجە ئالوزەکەی زانی کەوتە هەول و تەقەلای نائومێدانە قوستنەوەی کیشەی خویندکاران بۆ قازانجو دەسکەوتی تایبەتی حیزبایەتی خویان .

بێگومان ئەو دوو دەستە شەرخوازە ، شوفینیەکانی کەلەناو کاربەدەستانی میری دان وەلایەنی کونەپەرستی کورد ، کەبەتەنگ رژانی خوینی کوردو عەرەبەوە نایەن ، یەک مەسەلە بۆ شیواندنی دوخی کوردستان کویان دەکاتەوە ئەویش پەک خستنی هەولدانی دلسوزانەو مەسئولانەیە بو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەئاشتی، وەتیکدانی وتوویژو ئالوز کردنی باردوخی وولات و سەپاندنەوەی شەری ناڕەوا بەسەر میللەتەکەماندا .

ئیمە لەکاتیکدا ئەو دوو دەستە شەرخوازە تیاز خراپە بو کومەلانی خەلک دەستنیشان ئەکەین وە داواکارین بەپەلە کێشەی خوێندکارانی کورد چارەسەر بکرێ . وەریگە نەدرێهەولی خراپی ئەو تاقمانە سەربگری .

ئەو راستیە دوپات ئەکەینەوە کەبەدەرکردن یاگیرانەوەی ژمارەیەک قوتابی زانکوی کورد ، مەسەلەی خوێندکاران کورینیکی قولی بەسەردا نایەت یاخود چارەسەر ناکرێ . چونکە تاقە ریگەی چارەسەرکردنی کیشەی خویندکارانی کوردستان بەوە ئەبێ کەکێشەی کورد بەشێوەیەکی هەمە لایەنە لەعیراقدا چارەسەربکری کەکیشەی خویندکارانیش بەشیکی بچوکی ئەو مەسەلەیە گەورەیە. بەوە ئەبی کەفەرق و جیاوازی نیوان خویندکاری کوردو خویندکاری عەرەبی بەعسی نەمینێ.وکاروباری بەریوەبردن و نەخشە دانانی گەشەکردنی قوتابخانەو زانکو و پەیمانگاکان و بەرنامەکانی خویندنیان لەدەستئەو کەسانەوە کەواقیعی کوردستان تی ناگەن و رەچاوی ناکەن ، یا نایانەوی تیبگەن بکەویتە دەستکورد خوی ، هەر لەبەر ئەوەشەبەکیتی نیشتمانی کوردستان لەوتوویژدا و لەپاسای ئوتونومی کوردستان دا داوای دامەزراندنی ئەمانەتی پەروەردەو فیر کردن و خویندنی بالای بو کوردستان کردوە ، تا بەتەواوی خویندکاری کوردستان لەدەستچەوسانەوەی جیاوازی لەگەل کردن و سەپاندنی عەقلی ئەم و ئەو بەسەریا دەرباز بیو بەبی ئەوەی داوای ئەوەی لی بکری ببی بەبەعسی قاپی هەموو کولیج و پەیمانگاکانی بو بکریتەوەو لەناردن بو خویندنی هەندەران دا غەدری لێ نەکری .

سکانکردنی لەلایەن بەختیار شەمەیی، سوپاس

ئەم زنجیرە وتارە لەرۆژانی ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ ی مانگی حوزەیرانی ١٩٨٤دا لەئیزگەی دەنگی شۆرشی عیراقدا بلاوكرایەوە . لەبەر گرنگی زنجیرەكە بەپیویستمان زانی كە چاپی كەین و بەنوسراوی بیخەینە بەردەمی خوینەرانەوە . ئەم كۆمەلە وتارە هەلویستی یەكیتی نیشتمانی كوردستان دەربارەی مەسەلەی پیكەوەژیانی كوردو عەرەب ، ئەمنی ستراتیجی عیراق ، بەعەرەبكردنی بەشیكی ناوچەكانی كوردستان ، مەسەلەی راگویزان و بەبەعسی كردنی هاوولاتیانی كورد بەرونی پیشان دەدا .

هەواڵنامەی کتێب

چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ ـ حوزەیرانی ١٩٨٤